
# چاپكراوی نوێ

**(هەڵاتن بەرەو لوتكە)** ناونیشانی رۆمانێكە كە بە زمانی عەرەبی (ئەحمەد زاوێتەیی) نووسیویەتی و (عەلی سالح میران) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی. بابەتی رۆمانەكە و رووداوەكانی پەیوەستن بە كۆڕەوەكەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی كوردی باشووری كوردستان، نووسەر لە پێشەكیدا دەڵێت: جگە لەو رۆمانە. لە كۆڕەوە ملیۆنییەكە و لەم هەڵاتنە بەكۆمەڵە زیاتر بۆ من شتێكی دیكە نەمایەوە، دەشكرێ ناوی بنێین كۆچڕەوی ملیۆنی بەرەو سنووری توركیا، ئەو كاتەی راپەڕینە پازدە رۆژییەكەمان لەبەردەم سوپای عێراق شكستی هێنا و هێزی خۆمان لە دەست دا، هەموومان بە ژن و پیاو و منداڵ و پیرو پەككەوتە هەڵاتین، ئەمە رووداوێك بوو لە كاتی خۆی جیهانی هەژاند و دواتر رووداوەكانی بەدوای خۆیدا هێنا.

رووداوەكانی نێو ئەم رۆمانە هەموویان هەڵێنجراوی هەڵاتنەكەن، كە رۆژەكانی قورس و شەوەكانیشی ترسناك بوون و هەموو لایەك شپرزە بوون. دایكان بەدوای منداڵەكانیاندا سەرگەردان و وێڵ بوون، دە رۆژی تراژیدیا كە تژی بوون لە كارەسات و مەینەتی و بەدبەختی بۆ كوردی باشووری كوردستان.

رۆمانی (هەڵاتن بەرەو لوتكە) لە(٣٧٠) لاپەڕە پێكهاتووەو لە كۆتاییشدا نووسەر پەراوێزێكی بە ناوی كەسایەتی و شوێن و هەندێ لە گوتە و ئیدیۆم و پەندی كوردەواری ریزكردووە. دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە ئەحمەد زاوێتەیی نووسەری رۆمانەكە و وەرگێڕەكەی عەلی سالح میران دەكەین .



# کتێبێک نموونەی داهێنان..

## (خەڵاتی میللی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی دڵسۆزەوە. دووەم گەنجینەی رێزلێنان)

ئەم ناونیشانەی سەرەوە بۆ کتێبێك نووسراوە کە وەك رێزلێنان لە خاوەن قەڵەمێکی رەسەن و راستگۆو رۆژنامەنووس و نووسەرێکی دێرین چاپکراوەو بڵاوبۆتەوە ئەویش مومتاز حەیدەرییە.

وەك لە پێشەکییەکەدا پرسیارێك خراوەتە ڕوو. ئایا ئەم کتێبە لە روانگەی بەرژەوەندیی حزبایەتیی ئایدیۆلۆژیاو هەمەڕەنگ، برادەرایەتیی سەرمێز، خزمایەتی و مۆدێرینی سەردەمی عەشیرەتگەری. هتد، دەخوێندرێ؟ یان وەك کتێبێکی نوێی کوردی، ناوەڕۆکێکی نوێی سەرنجڕاکێش، بگرە لە سۆنگەی شێوازو رێبازێکی نموونەیی داهێنان، هاوکات دەبێژین: لە نووسینی ئەم کتێبە ژمارەیەکی زۆر بەشدارن، ئەوەش خاڵێکی هەرە گەشی کتێبەکەیە. چۆن دەخوێندرێ؟ ئەوەتا رووداوێکی تاکەکەسی، کە بریتی بوو لە شکانی رانی بە هۆی بەربوونەوەی کاك مومتاز، دیاردەیەکی فرەجوانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤپەروەری، نیشتمانی، کلتووری، دروست دەکات، لە ئەنجامەکەیدا کتێبی خەڵاتی میللی دێتە کایەوە، بێ گومان کتێبخانەی کوردییش بە گەرمی لە ئامێزی دەگرێ..

ماموستا مومتاز لە بەشێکی کتێبەکەدا دەڵێت: ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی سیاسی، حوکمڕانی، ئەکادیمی و کلتووری بە گشتی بە هەر شێوەیەك بوایە، پاش رووداوەکە لێم بپرسن. نەیان پرسی، بۆیە کە پاش مەرگم پێویست ناکات بڵێن(خوا عافوی کردبێ..!!).

من ویژدان ئاسوودەم/ چونکە لە کتێبی حەیدەرنامە، ئەوە پێش مەرگم، گەورەترین خەڵات و پاداشتی میللی، لە لایەنی کەسانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر، شۆڕشگێڕ، تێکۆشەری دێرین، گەروە نووسەرو رووناکبیر، ئەکادیمیی ناودار، بە هەردوو رەگەزییەوە . تاد، پێم بەخشراوەو گیانی مرۆڤپەروەری، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیم زێدە ئاسوودەیە.

هەروەها دەنووسێت: دیارە بەهۆی شکانی سەرووی رانی چەپم زۆر بە خراپی و هاوکات نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کرا، جا بە پێچەوانەی پێوەرکانی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و سیاسەت و حوکمڕانی لە کوردستان- بەتایبەتی بەرامبەر خەڵکانی بێلانی راستگۆی خاوەن پەیامی رەسەنی کوردەواری بە هەموو رەهەندەکانییەوە، تووشی پاشاگەردانی و قەیرانێکی قووڵ بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکەکە بە هەموو رەنگەکانییەوە، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، کلتووری، ئەکادیمی، سیاسی، لە ناخەوە، لە روانگەی رێزگرتن و پێزانین مێژووی پاك و زێڕینی دوێنی شیرین و جوان کوردەواری و کوردایەتیی رەسەن و راپەڕین، زۆربە گەرمی منییان لە باوەشی خۆشەویستی چاکەخوازیی خۆیان، لەبەر رۆشنایی ئەو پەندەی کوردیدا(زێڕ لە قوڕدا بزر نابێت)گرت.


خەڵاتی میللی، دووبارە بە گەورەیی پێم بەخشرایەوە. ئای ئای. ئەم خەڵاتە، چەندە سەوزوجوان و گەورەو نەمرە..! دەخوازم، بەڵێ لە کانگای دڵەوە، دەخوازم، ئەم دیاردەیەی هەرە جوانی ژیان، زیاترو زیاتر زیندوو بکرێتەوەو پەرەبسێنێت، تێکڕای مرۆڤە خاوەن پەیامە رەنگینەکانی: مرۆڤپەروەری، نیشتمانپەروەری، چاکەخوازەکانی کوردستان-بە مردوو و زیندووەکانەوە- لەخۆ بگرێت. دەستان خۆش هەردەم شاد و سەرفرازبن. هەر لێرەوەش، لە ناخی ناخەوە، سوپاس و پێزانین بۆ هەموو لایەك.

هیوا کۆمپیوتەر کە لە نزیکەوە و بەیەکەوە ئەرکی دەرچوونی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە بەم شێوەیە دەنووسێت: لە سۆنگەی ئەو رووداوە نەخوازراوەی کە بەسەر گەورە مامۆستاو نووسەرو کتێبدۆست حەیدەریزادەدا هات، خەمخۆرانی حەیدەری لە تێکڕای چین و توێژو بە هەموو رەنگەکانەوە بە بێ جیاوازی تێکەڵ بە یەك بوون و هەر یەك بە شێوازێك هاوخەمیی خۆیان بەرامبەر بەو رووداوە ناخهەژێنە دەربڕی، چ لە کاتی نەشتەرگەرییەکە لە نەخۆشخانەو دواتر بە سەردان و تولەفۆن و ماسنجەرو فەیسبووکەوە. بە حەقیقەت ئەوەی بۆ حەیدەریزادە کرا، بۆ هیچ کەسێك نەکراوەو ناکرێ، ئەوەش نیشانەی خۆشەویستی و پاکیی بەڕێزیان دەگەیەنێت، بۆیە بۆ دانەوەی چاکەو وەفاو سۆزی ئەو هەموو خەڵکانەی کە پەرۆش و مشووری زوو چاکبوونەوەو هەستانەوەی مامۆستا بوون و بۆ ئەوەی هەر کەسێك ئەگەر بە وشەیەکیش بەسەری کردبێتەوە لە بیری نەکات. سەرباری قورسیی کارەکە لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوە، کەچی بڕیاری دا لەو کتێبە دانسقەیەدا بە هەموو چین و توێژو رەنگەکانەوە بە بێ جیاوازی کۆیان بکاتەوە،وەك پەیامێك و وەفایەك بەرامبەریان.. هەڵبەت ئەم کتێبەش وا بە ئاسانی دەرنەدەچوو ئەگەر هیممەت و هەوڵی مومتاز حەیدەری نەبوایە، کە رۆژانە بە گۆچان و بە زەحمەتییەکی زۆرەوە هاتووچۆی نووسینگەکەمانی دەکرد، تەنیا لەبەر یەك شت ئەویش دانەوەی قەرزی چاکەی دۆستەکانی بوو..لێرەوە من وەك شاگردێکی گەورە مامۆستام مومتاز حەیدەری و وەك ئەوەی من ناسیبێتم- کە باش دەیناسم- شایەدی ئەوە دەدەم کە هیچ کاتێك حەقی کەس بەسەر خۆیەوە ناهێڵێت و بچووکترین چاکە لەبیر ناکات و لە کاتی خۆی دەیداتەوە. نموونەی ئەو کتێبە.

(خەڵاتی میللی) لەلایەن مومتاز حەیدەرییەوە نووسراوەو سەرپەرشتی کراوە، بۆتان مەعروف و هیوا عەباس ئامادەیان کردووە و بەبەرگێکی قەشەنگ و بە (٢٦٤) لاپەڕە چاپکراوە، کۆمێنت و نووسین و وێنەی سەرجەم ئەو خەمخۆرو هاوڕێیانەی لەخۆ گرتووە کە سەردانیان کردووەو لە نزیکەوە لە رەوشی تەندروستییان پرسیوە.

ئێمەش لە گۆڤاری گوڵان هیوای تەمەندرێژی و بەردەوامی بۆ مامۆستا مومتاز حەیدەری خاوەن ئەزموونی دێرینی نووسین و رۆژنامەگەریی کوردی دەخوازین.

کتێبێك ... نموونەی داهێنان



# خەڵاتی میللی

لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی دڵسۆزەوە

دووەم گەنجینەی ڕێزلێنان


نووسین و سەرپەرشتی
مومتاز حەیدەری

ئامادەکردنی
هیوا عەباس "بوتان مەعروف"


عومرێکە بە میزاجی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خامۆشم - نالی -


کوردستان 19/9/19 هەولێر





# سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

## زیانگەیاندن بە هاوپەیمانەکانی و چۆکدادان لە بەردەم دوژمنەکانیدا

«لە تەمموزی ٢٠١٩ جیسۆن گرینبلات نوێنەری سەرۆک ترەمپ بۆ وتوویژەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ئامادەی کۆبوونەوەیەکی وەرزیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو، سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم کۆبوونەوەیەدا، گرینبلات باسی دواگۆڕانکارییەکانی بیرکردنەوەی ئیدارەی ترەمپی کرد، سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و لە قسەکانیدا زۆر بە جددی ئاماژەی بەوە کرد، چیدیکە ئەمریکا رێز لەو (خەیاڵە) ناگرێت کە پێی دەگوترێت (کۆدەنگیی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل)، بەم قسەیەشی هەموو ئامادەبووانی حەپەساند، لەمەش زیاتر زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر بڕیاری ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (ئەم بڕیارە لە ٢٢ی ١١ی ١٩٦٧ دوای شەڕی شەش رۆژەی هەمان ساڵ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەرچووە)، لەکاتێکدا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە هەموو وتوویژەکانی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی لەسەر ئەم بڕیارە بەڕێوە دەچێت، بەڵام گرینبلات لەناو ئەنجومەنی ئاسایش ئەم بڕیارەی بەو شێوەیە ناوبرد کە بە شێوەیەکی زۆر تەمومژاوی و لاستیکی داڕێژدراوە و ئەمەش زیانێکی گەورەی هەبووە و نەیهێشتووە چانسێکی باش بۆ دامەزراندنی ئاشتییەکی راستەقینە بێتەئاراوە. بێگومان ئەم وتارە توندەی گری گرینبلات لە بەر رۆشنایی بۆچوونەکانی جارید کۆشنەر (زاوای ترەمپ) ئاراستە کرابوو، بۆیە هەوڵیدا ئاراستەی قسەکانی بگۆڕێت بۆ (دەستپێکردنی ئاراستەیەکی نوێ بۆ وتوویژێکی واقیعییانەی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین)، لەسەر ئەم ئاراستە نوێیەش جەختی لەوە کردەوە، لە ئێستاوە واشنتۆن هیچ ئیعتوبارێک بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆدەنگیی نێودەوڵەتی سەبارەت بەم پرسە ناکات و چیدیکە پشتگیری چارەسەری (دوو دەوڵەت) ناکات، بەو حیسابەی ئیسرائیل و فەلەستین دوو دەوڵەتی دراوسێ بن و بە ئارامی و ئاسایش پێکەوە بژین.

ئەم قسانەی گرینبلات ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتن بەو سیستەمەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد. لەبەریەک هەڵوەشانی ئەم سیستەمە، سیاسەتی ئیدارەی ترەمپی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ ئاکام و

## ● ئەمریکا ناتوانێت بە پشتیوانیی ئیسرائیل سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات

لە یەکەم ساڵی دەست بە کاربوونیدا وەك سەرۆکی ئەمریکا، سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو ئاراستەیە بوو کە لە رێگەی محەمەد سەلمانی شازادەوە، سعودیە بکاتە رێبەری سیاسەتی عەرەبی لە ناوچەکە و ئیسرائیلیش بکاتە باشترین پشتیوان لە ناوچەکە، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئیسرائیلەوە سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش وەك یەکەم سەردانی سەرۆکی ئەمریکا بۆ دەرەوە، بڕیاری دا لە ئایاری ٢٠١٧ یەکەم سەردانی بۆ سعودیە و ئیسرائیل دەست پێ بکات.

لە سەردانەکەیدا بۆ سعودیە کە جارید کۆشنەری راوێژکار و زاواشی لەگەڵیدا بوو، زۆر بە باشی لە جموجۆڵ و تەماعەکانی محەمەد سەلمانی شازادە تێگەیشتن، ئاشکراشە شازادە محەمەد سەلمان کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان پێی دەڵێن (MBS)، ئەو لاوە دەسەڵاتخوازەیە کە هەر لە سەرەتاوە هەر دوو دامەزراوەی سوپا و پۆلیس و ئاسایشی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی و هەوڵیداوە کە لە سەر ئاستی سیاسەتی



مایەپووچ کردووە، زیانێکی گەورەی بە هەموو هاوپەیمانەکانی گەیاندووە و لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێرانیشدا نەک دەستەوەستان بووە، بەڵکو ئێران هێرش دەکات و ئەمریکا ناتوانێت وەڵام بداتەوە، دیارە هەوڵەکانی گرینبلات شکستی هێنا و لە ٥ی ٩ی ٢٠١٩ دەستی لە کار کێشایەوە، هەر بۆیە ئێستا ئەمریکا لە بەردەم دووڕیانێکدایە، یان ئەوەتا دەبێت دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە و ڕۆڵی سەرکردایەتیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت، یان ئەوەیە دەبێت لەسەر سیاسەتە کاڵفامەکانی ترەمپ بەردەوام بێت، بەردەوامبوونیش لەسەر ئەم ئاراستەیە وەک ئەوەیە کارەسات لە بیاباندا ڕوو بدات و بە تەنیا بمێنیتەوە و هەر بەدوای سەرابدا رابکەیت.»

***

**مارتن ئەندیک یاریدەدەری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک**

***

**لە دوایین وتاریدا بە ناونیشانی (کارەسات لە بیاباندا)**

ناوخۆ ریفۆرمی زۆر گەورە ئەنجام بدات و، لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش هەوڵیداوە سەرکردایەتیی سیاسەتی عەرەبی بکات و هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەستێوەردانی لە شەڕی یەمەن لە دژی حوسییەکان کرد. ئەم ڕەوشە زەمینەی ئەوەی بۆ کۆشنەر ڕەخساند، کە زیاتر لە محەمەد سەلمان نزیك ببێتەوە و، جیا لە باسکردنی گرێبەستەکانی چەك و گرێبەستە بازرگانییەکانی دیکە، باسی دیدوبۆچوونی سیاسەتی ترەمپیشی بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بۆ بکات، هەر لەوێ پێی راگەیاندبوو

کە سەرۆك ترەمپ بەنیازە ددان بەوەدا بنێت کە ( قودس پایتەختی ئیسرائیله) لەسەر ئەم پرسە وەك مارتن ئەندیك یاریدەری پێشووی وەزیری دەرەو و باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئیسرائیل باسی دەکات:»محەمەد سەلمان بە جارید کۆشنەری راگەیاندووە، ئەگەر ترەمپ ئەو بڕیارە بدات، ئەوا سعودیە چاوی لێ دەپۆشێت، هەروەها مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینیش بانگهێشتی سعودیە دەکات لە بەرامبەر ١٠ ملیار دۆلاری هاوکاری سعودیە بۆ فەلەستین کە بە مەرجەکانی ترەمپ پرۆسەی

**سیاسەتی ئیدارەی ترەمپی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیانێکی گەورەی بە هەموو هاوپەیمانەکانی گەیاندووە و لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێرانیشدا نەک دەستەوەستان بووە، بەڵکو ئێران هێرش دەکات و ئەمریکا ناتوانێت وەڵام بداتەوە**

**لەسەر پێشنیاری نەتانیاهۆ، ترەمپ هەوڵیدا کە هاوپەیمانییەک لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو و میسر و ئوردن وەک هاوپەیمانی بۆ جلەوگیرکردنی ئێران دروست بکات**

**کاتێک سەرۆک مسعود بارزانی دوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، بڕیاری جووڵانی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بدەن، باراک ئۆباما هەموو هەوڵی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا بە چوونی هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بۆ کۆبانێ قەناعەت پێ بکات**

ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دەست پێ بکاتەوە.»

دیارە لە خەیاڵدانی پلانەکەی کۆشنەردا بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەو جۆرە بووە، ئەگەر لە رێگەی شازادە محەمەد سەلمانەوە پشتیوانیی سعودیە بۆ پرۆسەی ئاشتی و بڕیارەکەی ترەمپ بۆ بوونی (قودس بە پایتەختی ئیسرائیل) دەستەبەر بکات، ئەوا رازیکردنی شا عەبدوڵای ئوردن و عەبدولفتاح سیسی سەرۆکی میسر هێندە گران نابێت، لەسەر بنەمای ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەیە و دوای ئەوەی بەڵێنی تەواوی لە محەمەد سەلمان وەرگرت، ترەمپ لە ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، ددانپێدانان و بڕیاری بوونی (قودس بە پایتەختی ئیسرائیل)ی راگەیاند و، ئەم بڕیارەی ترەمپیش جیا لەوەی لەبەریەك هەڵوەشانی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆدەنگیی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و فەلەستین و ئیسرائیل بوو، لە هەمانکاتدا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئەو سیستمەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بوو کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو، ئەمریکا سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەکرد.

دیارە دۆناڵد ترەمپ بۆ جێبەجێکردنی بیرکردنەوە تازەکەی بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتی بە بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بەستبوو، لە ماوەی ٣ ساڵی رابردووی ئیدارەی ترەمپدا چەندین بڕیار لەسەر ئاستی ناوچەکە لەسەر خواستی نەتانیاهۆ لەلایەن ترەمپەوە دەکراون:

١. دوای ئەوەی نەتانیاهۆ بەڵگەکانی لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران خستەڕوو، پاش ماوەیەك ترەمپ هاتنەدەرەوەی ئەمریکای لە رێککەوتنی (٥+١) ناسراو بە (پلانی هاوبەش و سەرتاپاگیر بۆ وتووێژ لەگەڵ ئێران سەبارەت بە پرۆگرامی ئەتۆمی) راگەیاند، ترەمپ بە جۆرێك لەم رێککەوتنە هاتە دەرەوە کە هیچ حیسابێکی بۆ ئەوە نەکرد، ئەم رێککەوتنە ئیمزای پێنج دەوڵەتی دیکەی بەسەرەوەیە کە چواریان ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن.

٢. هەر لەسەر پێشنیاری نەتانیاهۆ، ترەمپ هەوڵیدا کە هاوپەیمانییەك لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو و میسر و ئوردن وەك هاوپەیمانی بۆ جڵەوگیرکردنی ئێران دروست بکات، هەروەها ترەمپ هەوڵیدا کۆنفرانسێك لە پۆڵەندا لەسەر ئەم پرسە گرێ بدرێت و نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لە بەرچاوی کامێراکان پێکەوە دەربکەون و هاوپەیمانییەکە ئاشکرا بکرێت، بەڵام نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی ئامادە نەبوون لەبەر کامێرا دەربکەون، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دواتر نەتانیاهۆ ڤیدیۆی ئەم کۆنفرانسەی دزە پێکردە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. لەسەر پێشنیاری نەتانیاهۆ، هەوڵدرا کە ناتۆی عەرەبی دابمەزرێت لە نێوان شەش دەوڵەتەکەی کەنداو و میسر و ئوردن، ئیسرائیلیش بە نهێنی ئەندامە بێدەنگەکەی ناتۆی عەرەبی بێت، بەڵام ئەمەش هەر لە سەرەتاوە شکستی پێهات و سەری نەگرت.

٤. لەسەر دوای نەتانیاهۆ، ترەمپ بڕیاری دا کە نابێت یەك یەکەی هێزەکانی ئێران و یەك فەرماندەی سەربازی ئێرانی لە سەر خاکی سووریا بمێنێت، بەڵام ترەمپ نەك هەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بڕیاری دا تەواوی هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە، بۆیە نەتانیاهۆ ناچار بوو چەند جارێك سەردانی مۆسکۆ بکات، بۆ ئەوەی قەناعەت بە فلادمیر پۆتین بکات، کە ئەو گوشار بخاتە سەر بەشار ئەسەد بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێران لە سەر خاکی سووریا نەمێنن، بەڵام پۆتین ئەمەی رەتکردەوە و تەنیا لەسەر ئەوە رازی بوو کە فڕۆکەکانی ئیسرائیل گورز لە بنکەکانی ئێران لە ناو سووریا بوەشێنن.

بێگومان وەك بەشی هەرە زۆری دیپلۆماتکار و ناوەندەکانی توێژینەوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئەم بڕیارانەی ترەمپ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داویەتی، جیا لەوەی پێگەو نفووز و کاریگەریی ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوچەکە و تا رادەیەك جیهانیش هێناوەتە خوارەوە، لە هەمانکاتدا نەتانیاهۆش لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ئیسرائیل رێژەی جەماوەری هاتۆتە خوارەوە و پێش هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیلیش، نەتانیاهۆ هەستی کردبوو کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێت، بۆیە داوای لە ترەمپ کرد کە ددان بە بەرزاییەکانی (جۆلان)دا بنێت وەك خاکی ئیسرائیل، بەڵام وێڕای ئەوەی ترەمپ

لە ئایاری ٢٠١٩ ئەمەشی کرد، بەڵام دیسان حزبەکەی نەتانیاهۆ زۆرینەی بەدەست نەهێنا کە بتوانێت بە تەنیا حکومەت دروست بکات.

**● عەرەبستانی سعودیە. ئەسپە دۆڕاوەکەی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

عەرەبستانی سعودیە دەوڵەتێکی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام لەسەر ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ناوخۆی لەرزۆك و لەبەریەك هەڵوەشاوەیە، هەر بۆیە هەتا هاتنی شا سەلمان و دەرکەوتنی شازادە محەمەد سەلمان هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسەتی عەرەبی بکات، بەڵکو زیاتر عێراق و سووریا و میسر هەوڵیانداوە لە سیاسەتی دەوڵەتانی عەرەبیدا ڕۆڵ و پێگەی دیاریان هەبێت، بەڵام بە هۆی شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو، عێراق ئەو توانایەی نەما و لە دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، دیارە میسریش هەم بە هۆی ڕاپەڕینەکان و دواتریش کە ناچار بوو بە کودەتا حوکمڕانیی ئیخوان موسلمین بڕووخێنێت، پێگەی جارانی نەماوە، سووریاش بە هۆی شەڕی ناوخۆوە نەك هەر بڕستی لێ بڕاوە، بەڵکو توانای پاراستنی خاکەکەی خۆیشی نەماوە و وڵاتانی دیکە (ئێران و رووسیا) بەشێکی بۆ دەپارێزن.

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، بە ڕۆڵ و کاریگەریی شازادە محەمەد سەلمان، سعودیە بیری لەوە کردەوە کە سەرکردایەتیی سیاسەتی عەرەبی بکات، بەڵام سەرکردایەتییەکی شەڕانگێزانە و سەپاندنی ئیرادەی سەربازیی خۆی بە سەر ناوچەکەدا، ئەم حاڵەتە کە پێچەوانەی حاڵەتی سرووشتی دەوڵەتی سعودیە بوو، وایکرد کە سیاسەتی دەرەوەی سعودیە پاشەکشە بکات و نەتوانێت بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکان بکات.

عەرەبستانی سعودی لە ئێستادا هەموو ئومێدی خۆی خستۆتە سەر هێزی ئیسرائیل وەك هاوپەیمانێکی نهێنی و سەرەکی بۆ جڵەوگیریی نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاشکرا هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی جوو ڕابگەیەنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاشکرا بکات، ئەوا جیا لەوەی لەلایەن تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامییەوە بە هەڵگەڕاوە و مورتەد لەقەڵەم دەدرێت، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆش پەرتەوازەیی بە ڕاددەیەك دروست دەبێت، کە بنەماڵەی پادشایەتی حوکمڕانیی سعودیە لەدەست بدەن.

لایەنێکی دیکەی لاوازیی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسییەتی سعودی لەوە ڕەنگی داوەتەوە، کە سعودیە ئەگەرچی بانگەشە بۆ سەرکردایەتیی سیاسەتی عەرەبی دەکات، بەڵام نەك هەر توانای ئەوەی نییە لەگەڵ شەش دەوڵەتە ئەندامەکەی ئەنجومەنی کەنداو خۆی بگونجێنێت، بەڵکو بە هۆی سەپاندنی سزا بە سەر دەوڵەتی قەتەر و داواکاریی زیاد لە پێویست لە دەوڵەتەکانی دیکە، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو ئەنجومەنە دابەش ببێت و کە پێدەچێت ئەم دابەشبوونە بەردەوامی هەبێت و بەرەو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەنجومەنەکە بچێت.

لەسەر ئاستی سیاسەتی سعودیە بەرامبەر سووریا و ڕژێمی بەشار ئەسەد، لەگەڵ ئەوەی نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەك دروست بکات، لە هەمانکاتدا لە بەردەم هەوڵەکانی ئێران و تورکیا لە ناو سووریا پاشەکشەی کردو نەیتوانی خۆی ڕابگرێت. دیارە لەو کاتەوەش کە هاوپەیمانیی (حەزم)ی بۆ دەستتێوەردان لە یەمەن و شەڕ لە دژی حوسییەکانی دامەزراندووە، سعودیە نەك هەر نەیتوانیوە شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە و هێزی حوسییەکان لاواز بکات، یان تێکیان بشکێنێت، بەڵکو جیا لەوەی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بە چەکی ئەمریکی لەناو هاووڵاتیانی سڤیلی یەمەن دروست کردووە، لە هەمانکاتدا ئێستا هێزی حوسییەکان لەو کاتە بەهێزترن کە سعودیە دەستتێوەردانی کردو شەڕی دەست پێ کرد. لەسەر ئاستی بەرەنگاربوونەوەی دەنگە نارازییەکانیش، کوشتنی ڕۆژنامەنووس جەمال خاشقچی لە کونسوڵخانەی سعودیە لە ئەستەنبوڵ، ئەمە نەك ئاماژەیەکی ڕاشکاوانە بوو بۆ هەرزەکاریی محەمەد سەلمان لە سیاسەت و شکستی سیاسەتی سعودیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕووی حوکمڕانیی ئێستای سعودیە لە دیدی جیهانەوە لەکەیەکی گەورەی بکەوێتە سەر، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاوە ترەمپ ڕێگەی

**لەسەر دوای نەتانیاهۆ، ترەمپ بڕیاری دا کە نابێت یەک یەکەی هێزەکانی ئێران و یەک فەرماندەی سەربازی ئێرانی لە سەر خاکی سووریا بمێنێت، بەڵام ترەمپ نەک هەر لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بڕیاری دا تەواوی هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە**

**نەتانیاهۆ ناچار بوو چەند جارێک سەردانی مۆسکۆ بکات، بۆ ئەوەی قەناعەت بە فلادمیر پۆتین بکات، کە ئەو گوشار بخاتە سەر بەشار ئەسەد بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێران لە سەر خاکی سووریا نەمێنن، بەڵام پۆتین ئەمەی ڕەتکردەوە و تەنیا لەسەر ئەوە ڕازی بوو کە فڕۆکەکانی ئیسرائیل گورز لە بنکەکانی ئێران لە ناو سووریا بوەشێنن**

**نەتانیاهۆ هەستی کردبوو کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێت، بۆیە داوای لە ترەمپ کرد کە ددان بە بەرزاییەکانی (جۆلان)دا بنێت وەک خاکی ئیسرائیل، بەڵام وێڕای ئەوەی ترەمپ لە ئایاری ٢٠١٩ ئەمەشی کرد، بەڵام دیسان حزبەکەی نەتانیاهۆ زۆرینەی بەدەست نەهێنا کە بتوانێت بە تەنیا حکومەت دروست بکات**

**عەرەبستانی سعودی لە ئێستادا هەموو ئومێدی خۆی خستۆتە سەر هێزی ئیسرائیل وەک هاوپەیمانێکی نهێنی و سەرەکی بۆ جڵەوگیریی نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاشکرا هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی جوو ڕابگەیەنێت**

**سعودیە ئەگەرچی بانگەشە بۆ سەرکردایەتیی سیاسەتی عەرەبی دەکات، بەڵام نەک هەر توانای ئەوەی نییە لەگەڵ شەش دەوڵەتە ئەندامەکەی ئەنجومەنی کەنداو خۆی بگونجێنێت، بەڵکو بە هۆی سەپاندنی سزا بە سەر دەوڵەتی قەتەر و داواکاریی زیاد لە پێویست لە دەوڵەتەکانی دیکە، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو ئەنجومەنە دابەش ببێت**

**عەرەبستانی سعودیە، شەڕی یەمەنی کردە شەڕێکی خراپی بێ کۆتایی، هەروەها نەیتوانی هێزی میلیشیایی حوسییەکان لاواز بکات، کە بە حیساب ئەو هێزە، هێزێکە بە هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی و دەستکردی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە**

نەدا ئەندامانی کۆنگرێس زانیاریی زۆر وردی هەواڵگرییان لە شێوازی کوشتنەکەی خاشقچی دەست بکەوێت، بەڵام دواتر کێشەکانی محەمەد سەلمان لەناو خودی بنەماڵەی پادشایی و گوشارە نێودەوڵەتییەکان وایکرد، ترەمپ، محەمەد سەلمان ناچار بکات، بەوەی بەرپرسیارێتیی کوشتنی خاشقچی بگرێتە ئەستۆ.

لێرەوە ئەگەر ئاکامە خراپەکانی سیاسەتی ئەم چەند ساڵەی سعودیە چڕبکەینەوە لە چەند خاڵێکدا دەتوانین بڵێین:

١. عەرەبستانی سعودیە، شەڕی یەمەنی کردە شەڕێکی خراپی بێ کۆتایی، هەروەها نەیتوانی هێزی میلیشیایی حوسییەکان لاواز بکات، کە بە حیساب ئەو هێزە، هێزێکە بە هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی و دەستکردی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

٢. لە هەوڵەکانی بۆ جڵەوگیری نفووزی ئێران لە ناوچەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر سعودیە، نەک هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بێجگە لە ئیماراتی عەرەبی، هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی ئەنجومەنی کەنداو بە تەواوەتی هاوپەیمانی نییە، لەسەر دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی ئەگەر پشتگیرییەك هەبێت، ئەوا زیاتر پشتگیریی ئیعلامییە.

٣. عەرەبستانی سعودی هەموو کات سیاسەتی بەو جۆرە بووە کە پشتگیری لە چارەسەری ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بکات، چوارچێوەی پرۆسەکەش بەو شێوەیە بێت کە قودس پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شازادە محەمەد سەلمان هەوڵیدا پرۆسەکە بگۆڕێت بۆ پرۆسەی ئاشتی بە مەرجەکانی ترەمپ، بەڵام نەیتوانی بەم هەوڵەی مەحموود عەباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی قەناعەت پێ بکات، نەیشیتوانی ئەم هەوڵەی وەك دیارییەك پێشکەشی دەوڵەتی ئیسرائیل و سیاسەتی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات.

٤. پەنابردن بۆ سزا خستنە سەر قەتەر، دیارییەك بوو لە سەر سینیەیەکی زێڕ، سعودیە پێشکەشی ئێرانی کرد، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە قەتەر بێجگە لە پەنابردنی بۆ ئاسمانی ئێران، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەمابوو کە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە بکات، ئێرانیش ئەم داوایەی قەتەری بە سنگفراوانییەوە قبووڵ کرد و کردیە وەبەرهێنانێکی گەورە بۆ فراوانبوونی دەسەڵات و نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە قەتەر بنکەی (عەدید)ی سەربازیی ئەمریکای لێیە کە گەورەترین بنکەی سەربازیی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی سعودیە بدەین، دەبینین بەشی هەرە زۆری سیاسەت موجازەفەکانی سعودیە بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی ترەمپ بووە، ئامانجی ترەمپ لە پشتگیریی سعودیە، ئەوە بوو سعودیە ببێتە ئەو ئەسپەی کە گەمەی سیستەمی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ بباتەوە، بەڵام دەرکەوت سعودیە ئەو ئەسپە دەرنەچوو کە گرەوەکەی بۆ بباتەوە.

## ● ئێران لە بەرگەگرتنی گەمارۆکانەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا

دیپلۆماتکارێکی ئیدارەی ترەمپ دەڵێت: کاتێك ترەمپ داوای کرد لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی کۆببێتەوە و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا هەموو کێشەکانی نێوان واشنتۆن یەکلا بکەنەوە، سەرۆکەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ترسی ئەوەیان هەبوو، دەبێت چ ڕێککەوتنێکی کارەسات ئامێز دروست ببێت، کاتێك سەرۆکێکی هەڵەشە و نالۆژیکی وەك ترەمپ لەگەڵ سەرۆکێکی هێمن و بە لۆژیکی وەك حەسەن ڕۆحانی کۆدەبێتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم تێچێنە لەسەر ئەگەری ڕوودانی کۆبوونەوەکەی نێوان (ترەمپ و ڕۆحانی) ئاماژەیەکی ڕوونە کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چیدیکە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵ و کاریگەری نابێت و، لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ئاراستەیەشدا، ئەمریکا پێش ئەوەی جڵەوگیری دوژمنەکانی بکات، زیانی گەورە بە هاوپەیمانەکانی دەگەیەنێت. هەروەك چۆن ئێستا شکستی سیاسەتەکانی ترەمپ بەرامبەر بە ئێران دەرکەوتوون و لە پێش هەموویانە ئەوو

ئیسرائیلەی کە ئەمریکا دەیویست لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتەوە سەرکردایەتیی سیستمی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، ئێستا هەر ئەو دەوڵەتە لە بەرامبەر نفوز و کاریگەریی ئێراندا بە جۆرێك دەستەوەستان بووە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حزبوڵای لوبنانی گەنجینەی ڕۆکێتەکانی پڕتر دەکات و زیاتر مەترسی و هەڕەشە لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل دروست دەکات، ئەمە بێجگە لە هەردوو ڕێکخراوی حەماس و جیهادی ئیسلامی کە دەتوانن لەناو ماڵی ئیسرائیلەوە هەڕەشەی جددی و مەترسیدار لەسەر ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل دروست بکەن.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە سەیری ڕووداواکانی دوای هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ٥+١ بکەین کە بە پلانی هاوبەش و سەرتاپاگیر بۆ وتوویژ لە سەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران ناسراوە، دەبینین ئەم هاتنە دەرەوە تاکلایەنەیەی لە ٨ی ئایاری ٢٠١٨، کە ئەمریکا بە گوشارێکی گەورەی ئابووری دەستی پێ کرد کە ناوی لێنا (ئەو پەڕی گوشار - maximum pressure)، ئەم گوشارانە گرێ درانەوە بەو ١٢ مەرجەی کە مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٢١ی ئایاری ٢٠١٨ دژی ئێران ڕایگەیاند، مەرجەکانیش ئەمانە بوون:

١. ئاشکراکردنی تەواوی وردەکارییە سەربازییەکانی پێشتری پرۆگرامی ئەتۆمی بۆ ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی.

٢. ڕاگرتنی هەموو چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم و بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیوم و داخستنی دامەزراوەی ئاوی قورس لە ئەراك.

٣. ڕێگەدان بە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وزەی ئەتۆمی بە گەیشتنی بێ مەرجیان بۆ هەموو بنکەکانی ئەتۆمی لەو وڵاتەدا.

٤. کۆتاییهێنان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆکێتی بالیستیك و ئەو ڕۆکێتانەی توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمییان هەیە.

٥. ئازادکردنی هاووڵاتییە دەستبەسەرەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان کە پێشتر لە ئێران گیراون.

٦. کۆتاییهێنان بە پشتگیریی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە حزبوڵا و حەماس و بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامییەوە.

٧. ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و بواردان بە چەکداماڵینی میلیشیا شیعەکان.

٨. ڕاگرتنی پشتگیری بۆ میلیشیا حوسییەکان لە یەمەن و کارکردن بۆ چارەسەری سیاسی لە یەمەن.

٩. کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا.

١٠. کۆتاییهێنان بە پشتگیریی تاڵیبان و تیرۆریستانی دیکە لە ئەفغانستان و ناوچەکە و نابێت شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکات.

١١. کۆتاییهێنان بە پشتگیریی فەیلەقی قودس بۆ تیرۆریستان لە سەرانسەری جیهاندا.

١٢. ڕاگرتنی هەڕەشە لە دژی دراوسێکانی، بە هەڕەشەی کاولکردنی ئیسرائیلیشەوە، هەروەها ئەو ڕۆکێتانەی ئیمارات و سعودیە دەکاتە ئامانج، (بێجگە لەوەی دەریاوانیی نێودەوڵەتی) و هەروەها ڕاگرتنی هێرشە سایبەرییە تێکدەرەکانیان.

دیارە نزیکەی ١٧ مانگە ئەمریکا ئەوپەڕی گوشاری خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێراندا ئاکامێکی هەبێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئێران ستراتیژیەتی (ئەوپەڕی سەبر - maximum patience)ی گرتووەتەبەر، ئەوجا بێجگە لەوەی ئەمریکا نەیتوانیوە یەك مەرجیش لەو مەرجانە بە سەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوا لە هەموو بوارەکاندا ئێران باڵادەستتر بووە، هەر بۆ نموونە:

- ئێران پابەندبوونەکانی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کەم کردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سێ خاڵی یەکەمی مەرجەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران شکستی هێناوە و نەك جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئێران فراوانتری کردوون.
- سەبارەت بە ڕۆکێتە بالیستیکییەکانی، ئەمەش بێجگە لەوەی ئێران لە مانۆڕ و تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی وازی نەهێناوە، بەڵکو ئەم ڕۆکێتانە ئێستا لای میلیشیا حوسییەکانی یەمەنیش هەن.
- سەبارەت بە پشتگیریکردنی گرووپەکانی وەك حزبوڵا و حەماس و جیهادی ئیسلامی، ئێستا چالاکییان لە پێش مەرجەکان زیاترە و پڕچەکتریشن.
- دەربارەی چەك داماڵینی میلیشیاکانی

**ئامانجی ترەمپ لە پشتگیریی سعودیە، ئەوە بوو سعودیە ببێتە ئەو ئەسپەی کە گەمەی سیستمی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ بباتەوە، بەڵام دەرکەوت سعودیە ئەو ئەسپە دەرنەچوو کە گرەوەکەی بۆ بباتەوە**

**لە بەرامبەر نفووز و کاریگەریی ئێراندا بە جۆرێك دەستەوەستان بووە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حزبوڵای لوبنانی گەنجینەی ڕۆکێتەکانی پڕتر دەکات و زیاتر مەترسی و هەڕەشە لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل دروست دەکات، ئەمە بێجگە لە هەردوو ڕێکخراوی حەماس و جیهادی ئیسلامی کە دەتوانن لەناو ماڵی ئیسرائیلەوە هەڕەشەی جددی و مەترسیدار لەسەر ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل دروست بکەن**

**ئێران پابەندبوونەکانی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کەم کردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سێ خاڵی یەکەمی مەرجەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران شکستی هێناوە و نەك جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئێران فراوانتری کردوون**

**ئەمریکا یەکێک لە مەرجەکانی کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئێران بووە لە سووریا، بەڵام ئێستاش هێزەکان لە جێگەی خۆیانن و ژمارەیان زیاتر بووە، کەمتر نەبووە. ئەوەی کشاوەتەوە هێزەکانی ئەمریکا بووە**

**بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی ئێران لە کەنداو، ئەمریکا هێزی دەریایی ناردە کەنداو و هەر لەگەڵ فرینی یەکەم فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا، لەلایەن ئێرانەوە خرایە خوارەوە و ئەمریکا نەیتوانی وەڵام بداتەوە**

**ئێران نەک هەر بەرگەی گوشارە ئابوورییەکانی گرتووە و ملکەچی ئەمریکا نەبووە، بەڵکو ئێستا لە قۆناخی بەرگرییەوە چۆتە قۆناخی هێرشکردن و دەیەوێت بە جۆرێک شکست بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ باجەکەی بە قورسی بداتەوە**

حەشدی شەعبی لە عێراق، ئەمە نەك چەك نەکران، بەڵکو ئێستا بەشێکی سەرەکین لە سوپای عێراق.

- ئەمریکا یەکێك لە مەرجەکانی کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئێران بووە لە سووریا، بەڵام ئێستاش هێزەکان لە جێگەی خۆیانن و ژمارەیان زیاتر بووە، کەمتر نەبووە. ئەوەی کشاوەتەوە هێزەکانی ئەمریکا بووە.
- لەسەر پرسی تاڵیبان، ئاشکرایە ئەمریکا خۆی دانوستاندن لەگەڵ تاڵیبان دەکات، ئەوجا چۆن دەتوانێت مەرجی وا لەسەر دەوڵەتی دیکە دابنێت.
- باس لەوە دەکات کە نابێت ئەو رۆکێتانە بمێنێت کە دەگەنە سعودیە، بەڵام لە ئەیلوولی رابردوو بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان گەورەترین دامەزراوەی پەترۆڵی سعودیە (ئارامکۆ) بۆمباران کرا.
- هەتا ئێستا لە دەوربەری تەنگەی هورمز شەش کەشتی بارهەڵگری نەوت هێرش کراوەتە سەری، نەتوانراوە وەڵام بدرێتەوە.
- بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی ئێران لە کەنداو، ئەمریکا هێزی دەریایی ناردە کەنداو و هەر لەگەڵ فڕینی یەکەم فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا، لەلایەن ئێرانەوە خرایە خوارەوە و ئەمریکا نەیتوانی وەڵام بداتەوە.

ئەگەر لە نێو دێڕەکانی ئەم بەراوردەی نێوان مەرجەکانی ئەمریکا و وەڵامدانەوەی ئێران هەڵوەستەیەك بکەین، دەبینین، ئێران نەك هەر بەرگەی گوشارە ئابوورییەکانی گرتووە و ملکەچی ئەمریکا نەبووە، بەڵکو ئێستا لە قۆناخی بەرگرییەوە چۆتە قۆناخی هێرشکردن و دەیەوێت بە جۆرێك شکست بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ باجەکەی بە قورسی بداتەوە.

### شکۆی هەستانەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد بەڵام ترەمپ پشتی لە کورد کرد

سیاسەتی ئەمریکا لە دوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١، هەتا دەرکەوتنی داعش لە ٢٠١٤، بە ئاستێك لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستی هێنابوو کە بە هیچ شێوەیەك ئیدارەی ئەمریکی توانای بڕیاردانی لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمابوو، تەنانەت تیرۆریستانی داعش نێوەی عێراق و سووریایان داگیرکردبوو و خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام راگەیاندبوو، ئەمریکا نەیدەتوانی هیچ هەڵوێستێك وەربگرێت.

بەڵام دوای ئەوەی لە ئابی ٢٠١٨ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و، توانییان هەندێك شوێن، وەك مەخموور و شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکە داگیربکەن، بەڵام کوردستان هەر بە پێوە وەستاو تەسلیم نەبوو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعشی راگرت، ئەوجا دوای ٩ رۆژ لە مقاوەمەتی پێشمەرگە، باراك ئۆباما لە ١١ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری دا بێتە ناو شەڕی دژی داعشەوە، دوای مانگێکی دی لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشی راگەیاند و سەرکردایەتیی ئەو هاوپەیمانییەی گرتە دەست. هەروەها دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کۆبانێ و وێڕای مقاوەمەتی جوامێرانەی کورد لەو بەشەش، بەڵام داعش توانی بەشێکی زۆری ئەو شارە داگیر بکات، سەبارەت بە کۆبانێ ستراتیژزانەکانی ئەمریکا، کەوتنی کۆبانێیان بە کەوتنی شکۆی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقەڵەم دەدا، هەر بۆیە هێرشە ئاسمانییەکان زۆر چڕکرانەوە بۆ ئەوەی کۆبانێ لە کەوتن رزگار بکەن، بەڵام کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی دوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، بڕیاری جوولانی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بدەن، باراك ئۆباما هەموو هەوڵی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا بە چوونی هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بۆ کۆبانێ قەناعەت پێ بکات. بە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و رزگارکردنی کۆبانێ لە کەوتن، وەرچەرخانێکی گەورە بە سەر سیاسەت و شکۆی ئەمریکا و رۆژئاوا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی و جیهان بەگشتیدا هات.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش کە تیایدا خەلافەتی ئیسلامی رووخا و بە

سەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کۆتایی هات، کورد چاوەڕێی ئەوە بوو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بە ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان پاداشتی ئەو جوامێرییە بدەنەوە کە هێزی پێشمەرگە بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوای لەشەڕی دژی داعشدا دروستکرد، بەڵام ئیدارەی ترەمپ هەروەك مەلای مەشهووری کرد، خەریکی بڕینەوەی ئەو دارە بوو کە خۆی لەسەری ڕاوەستابوو، بە مانایەکی دی ئیدارەی ترەمپ لە دوای ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان، لە بری ئەوەی پشتگیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات و، خۆی ببێتە ناوبژیوان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی تازە ڕێك بخاتەوە، یان گوشار و نفووزی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەستووری عێراق و ماددەی ١٤٠ی دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، لە بری ئەمانە گلۆپی سەوزی بۆ دوژمنەکانی خۆی هەڵکرد و پشتی لە کوردستان کرد.

زۆر لە توێژەرانی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێن، سەرۆك ترەمپ تێگەیشتنێکی زۆر کەمی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵام ئەم قسەیە بەرامبەر بە پشتتێکردنی لە هەرێمی کوردستان دەقاودەق ڕاستە، لێرەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین و وای دابنێین، ئەمریکا زۆر بە لۆژیکانە ڕێزی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرتایە، بێگومان ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێستا بۆ ئەمریکا بۆتە سێگۆشەی بەرمۆدا و خەریکە شکۆی ئەمریکا لەناو گێژاوی ئاژاوەکانیدا نقووم دەکات، هەر ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەوڵەتێکی کوردستانی بەهێز و سوپایەکی جوامێری وەك پێشمەرگەی دەبوو.

پێدەچێت ئەو قسەیەش ڕاست بێت کە دەڵێن، سەرۆك ترەمپ کێشەیەکی دەروونی لەگەڵ سەرۆك ئۆبامای پێش خۆی هەبووە، هەر بۆیە ئەوەی ئۆباما کردوویەتی، ئەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، هۆکاری هاتنەدەرەوەی لە ڕێککەوتنی (وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران)یش بەم کێشە دەروونییەی ترەمپەوە گرێ دەدرێتەوە.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری ئەو بڕیارە سەیرو سەمەرەیەی ئەم دواییەی ترەمپ بکەین، بە کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ترەمپ بە نیازە لە ڕیشەوە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵتەکێنێت، لەمەش زیاتر لەوانەیە بۆ ئێمەی کورد، ئەم بڕیارە هەڵشانەی ترەمپ زیانێکی گەورە بێت و پێگەی کورد لە ڕۆژئاوا لاواز بکات، بەڵام با لە دیدێکی فراوانەوە سەیری پرسەکە بکەین، بزانین ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چەند زیان دەکەن و لە بەرامبەردا کێ باڵادەست و براوە دەبێت.

لەو کاتەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا دەستی پێ کرد، ئیسرائیل و سعودیە کە دوو هاوپەیمانە پشت پێ بەستووەکەی ئەمریکان لە ناوچەکە لە هەموو لایەك زیاتر دژی ئۆپەراسیۆنەکەی ئەردۆگان بوون، لەبەر ئەوەی سعودیە و ئیسرائیل ترسی ئەوەیان هەیە بە نەمانی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا، ئیدی ئێران بە تەواوەتی ڕێگای بۆ تەخت دەبێت، بۆ ئەوەی هیلالی شیعی تەواو بکات، بۆیە ئەم بڕیارەی ئەمریکا بە تەواوەتی سعودیە و ئیسرائیلی نیگەران کردووە، لەبەرامبەریشدا ڕژێمی ئەسەد کە هاوپەیمانی پلە یەکی ئێرانە براوە بووە و ڕووسیاش هێندەی دیکە جێ پێی خۆی قایم کرد، کە ئەمانە هەمووی پێکەوە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەخاتە مەترسییەوە.

مارتن ئەندیك لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی (کارەسات لە بیاباندا ) زۆر ئاقڵانە پێشنیارێك دەخاتە بەردەم بڕیارسازانی ئەمریکا و پێیان دەڵێت: ئەمریکا لە دووڕیاندایە، یان ئەوەتا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ٥٠ ساڵە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات و دووبارە دایبڕێژێتەوە، یان ئەگەر هەر دوای ئەو کاڵفامییەی ئێستای ترەمپ بکەوێت، کارەساتی لە بیاباندا بەسەردا دێت و بە گۆشەگیری دەمێنێتەوە و هەر دەبێت بە دوای سەرابدا ڕابکات.

**لە دوای ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان، ئەمریکا لە بری ئەوەی پشتگیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات و خۆی ببێتە ناوبژیوان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی تازە ڕێک بخاتەوە، یان گوشار و نفووزی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەستووری عێراق و ماددەی ١٤٠ی دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، لە بری ئەمانە گلۆپی سەوزی بۆ دوژمنەکانی خۆی هەڵکرد و پشتی لە کوردستان کرد**

**ئەگەر ئەمریکا زۆر بە لۆژیکانە ڕێزی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرتایە، بێگومان ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێستا بۆ ئەمریکا بۆتە سێگۆشەی بەرمۆدا و خەریکە شکۆی ئەمریکا لەناو گێژاوی ئاژاوەکانیدا نقووم دەکات، هەر ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەوڵەتێکی کوردستانی بەهێز و سوپایەکی جوامێری وەک پێشمەرگەی دەبوو**

**پێدەچێت ئەو قسەیە ڕاست بێت کە دەڵێن، سەرۆک ترەمپ کێشەیەکی دەروونی لەگەڵ سەرۆک ئۆبامای پێش خۆی هەبووە، هەر بۆیە ئەوەی ئۆباما کردوویەتی، ئەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، هۆکاری هاتنەدەرەوەی لە ڕێککەوتنی (وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران)یش بەم کێشە دەروونییەی ترەمپەوە گرێ دەدرێتەوە**

# دۆخی رۆژئاوا یەکهەڵوێستیی گەلی کوردستان

**ئەو هەوڵانەی مەرجەعی گەلی کوردستان بەڕێز (مەسعود بارزانی) و هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرتوویانەتەبەر لە پێناو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و هاوکاری گەیاندن بە هاووڵاتیانی رۆژئاوای کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ راگرتنی شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە بە ئاشتی و گفتوگۆ، هەنگاوی ئومێدبەخشن**

ماوەی زیاتر لە (١٠) رۆژە بەسەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی تاکلایەنەی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان تێپەڕیوەو لەو ماوەیەشدا تەنیا وێرانی و دەربەدەری، شەهیدکردن و بریندارکردنی خەڵکی بێتاوانی رۆژئاوای کوردستانی لێکەوتۆتەوە.

ئەگەر وەك یاساییەك لەم بابەتە بڕوانم، ئەوا بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و میساقی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی(١٩٤٥) و نیزامی رۆمای ئەساسی ساڵی (١٩٩٨) کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەسەری دامەزرا، ئەم هێرشە سەربازییەی کە دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە خاکی وڵاتێکی دیکە ئەنجامی دەدات، دەچێتە چوارچێوەی تاوانی (العدوان)، چونکە بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە بڕیاری (٣٣١٤)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٧٤) و نیزامی رۆمای ئەساسی هاتووە ئەم لەشکرکێشییە، هەموو روکنەکانی تاوانی (العدوان)ی لەخۆ گرتووە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم لەشکرکێشییە بە پێی مادەی (٣٩)ی میساقی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هەڕەشەیەك ئەژمار دەکرێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ئەم لەشکرکێشییە بە بەرچاوی دنیاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام درا، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی و ئەوانەی لە ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت هەر پێنج وڵاتی خاوەن ڤیتۆی ئەنجومەنی ئاسایش نەگەیشتبوونە رێککەوتن، نەیانتوانی بڕیارێکی جددی بدەن بۆ راگرتنی ئەو جەنگە. چونکە رووسیا و چین لە لایەك و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە تا ئێستاش قەناعەتیان بە ئیدانەکردن و مامەڵەکردنێکی قورس لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا نییە، سەرەڕای ئەوەی کە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و هەندێك وڵاتی دیکەی ئەورووپی هەوڵیان دا، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتوو بن لە دەرخستنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە ئەنجومەنی ئاسایش.



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

فشارەکانی نێودەوڵەتی بەتایبەت لە لایەن وڵاتانی ئەورووپی، هێدی هێدی زیاتر بوون، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتە ئەورووپییانە، مەترسیی لێشاوی پەنابەرو کردەوە تیرۆریستییەکانی داعشیان زیاتر لێ نیشتەوە و ئاماژەیان بەوە دا کە ئەمە مەترسییە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. چەندین وڵات فروشتنی چەکیان بە تورکیا راگرت و ئیدانەی ئەم هێرشەیان کرد. هەر بۆیەش لە (١٨)ی ئۆکتۆبەرەوە یەکێتی ئەورووپا لە بەیاننامەیەکدا، سەرکردەکانی کۆبوونەوەی لوتکەی یەکێتی ئەورووپا رایانگەیاند کە یەکێتی ئەورووپا ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا دەکات و بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی ئەورووپا و داواشیان لە تورکیا کرد کە ئەم هێرشە رابگرێت.

ئەم هێرشەی تورکیا بۆ سەر خاکی رۆژئاوای کوردستان لە ئەنجامی بڕیاری کشانەوی سەربازەکانی ئەمریکا و بە تەنیا هێشتنەوەی کورد لە رۆژئاوا و (تویتە) سەیروسەمەرەکانی ترامپ، بووە هۆی کێشمەکێشی ناوخۆیی لە ئەمریکا و بەتایبەت لە نێوان دیموکرات و کۆمارییەکان و بگرە هەر لە نێو خودی کۆمارییەکانیشەوە.

نیگەرانییەکی سیاسیی زۆر لە ئەمریکا دروست بووە و ژمارەیەکی زۆری سیناتۆر و کاراکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە هونەرییەکانی ئەمریکاش لە هەمبەر بە تەنیا بەجێهێشتنی کورد لە لایەن ئیدارەی ترامپ و کشانەوەی ئەمریکا و پشتکردن لە کورد نیگەرانیی زۆریان پێشان داو بەرەی دژی بڕیارەکانی ترامپ فراوان و فراوانتر بوو. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا بە کۆماری و دیموکراتەکانەوە بە (٣٤٥) دەنگ، بڕیاریان دا بە ئیدانەکردنی بڕیاری کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان (باکووری سووریا) کە لە لایەن ترامپەوە درابوو، ئەم بڕیارەی کۆنگرێس لە کاتێکدایە کە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بێدەنگەو هیچ هەوڵێکی هاوشێوەی کۆنگرێسی نەداوە.

**روسیا و چین لە لایەک و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە تا ئێستاش قەناعەتیان بە ئیدانەکردن و مامەڵەکردنێکی قورس لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا نییە**

سەرەڕای ئەوەی کە (چەك شومەر)ی سەرۆکی فراکسیۆنی دیموکراتەکانی لە کۆنگرێسی ئەمریکا داوای لە سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی کردووە کە هەوڵێکی وەك کۆنگرێس بدات بۆ شەرمەزارکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا.

هەوڵەکانی کۆنگرێس و هەردوو سیناتۆر (کریس ڤان هۆلن)ی دیموکراتەکان و (لیندس گراهام)ی کۆمارییەکانیش بەردەوامە بۆ سەپاندنی سزای توند بەسەر تورکیادا، چونکە هەروەك ئەوان ئاماژەی پێ دەدەن، ئەو هێرشانە جگە لەوەی کە بە پاکتاوی نەژادی ئەژمار دەکرێت لە دژی کورد، دەبێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعشیش لە ناوچەکە.

**کۆنگرێسی ئەمریکا بە کۆماری و دیموکراتەکانەوە بە (٣٤٥) دەنگ، بڕیاریان دا بە ئیدانەکردنی بڕیاری کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان (باکووری سووریا) کە لە لایەن ترامپەوە درابوو**

ئەو فشارە زۆرەی لەو ماوەیەی رابردوو لەسەر ترامپ هەبوون، (دۆناڵد ترامپ) و وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکایان ناچار کرد، سزا بەسەر دوو وەزارەت و (٣) گەورە بەرپرسی حکومەتی تورکیا (هەر یەکە لە وەزیری وزەو بەرگری و ناوخۆی تورکیا) بسەپێنێن. زێدەباری ئەوەی کە (دۆناڵد ترامپ) لە تویتەکانی خۆیدا هەر بەردەوام بووە لە چاوسوورکردنەوەی لە تورکیا.

فشارە نێودەوڵەتییەکان و ترس لە سزا ئابوورییەکان و بە ملیۆنها دۆلاری قەرزی کەڵەکەبوو و دۆخی ئابووریی داتەپیو، تورکیای ناچاری کرد کە لە رێکەوتی (١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) و دوای کۆبوونەوەیەکی دووردرێژی (٥) کاتژمێری لەگەڵ (مایك پێنس) جیگری سەرۆکی ئەمریکا و (مایك پۆمپیۆ) وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی (١٣) خاڵی، بە ئاگربەست لەگەڵ هێزەکانی (هەسەدە) رازی بێت. هەرچەند وەك هێزەکانی سووریای دیموکرات ئاماژەی پێ دەدەن، تورکیا لە هێرشەکەی بۆ سەر سەرێکانی و گرێ سپی هەر بەردەوامە.

**راوێژکاری سیاسی و راگەیاندنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا (بوسەینە شەعبان) رایگەیاند ئەم ناوچە ئارامەی کە ئەمریکا و تورکیا لەسەری رێککەوتوون، ناوچەی داگیرکارییە و ئەم رێککەوتننامەیە بەو مانایە نایەت کە رووسیا و سووریا پێی رازین**

لە قسەکانی چاوش ئۆغلو و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەردەکەوێت، کە ئەوان تەنیا بە ناوچە ئارامێك رازی دەبن کە قووڵاییەکەی (٣٢ کیلۆمەتر) و بە درێژایی رۆژهەڵاتی فوراتەوە تا سنووری عێراق بێت و لەلایەن خۆشیانەوە بەڕێوەببردرێت، لەمەشەوە دەردەکەوێت کە پێناچێت نیەتێکی پاکژیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە ئارامە، ئەمە لە کاتێکدایە کە (مەزڵووم عەبدی) فەرماندەی (هەسەدە) سەرەڕای رازیبوونیان بەم رێککەوتنە، رایگەیاند کە ئەم رێککەوتنە تەنیا بۆ سەرێکانی و گرێسپییە و نابێت ببێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکە، بەڵام خودی حکومەتی تورکیا و (ئەردۆغان) چەندین جار ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەوان نیازیان وایە کە دوای گرتنە دەستی ئیدارەی ئەو ناوچانە، بە ملیۆنها پەنابەری سووری ببنە ئەو ناوچانە. کە وەك دەزانرێت، زۆربەی هەرە زۆریان لە نەتەوەی عەرەبن، بەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکە.

هەر یەکسەر دوای رێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمریکا بۆ راگەیاندنی ئاگربەست، راوێژکاری سیاسی و راگەیاندنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا (بوسەینە شەعبان) رایگەیاند کە ئەم ناوچە ئارامەی کە ئەمریکا و تورکیا لەسەری رێککەوتوون، ناوچەی داگیرکارییە و ئەم رێککەوتننامەیە بەو مانایە نایەت کە رووسیا و سووریا پێی رازین.

لە ماوەی ئەو (١٢٠) کاتژمێرەی کە بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی نێوان ئەمریکا و تورکیا بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنەکە دانراوە، وا پێشبینی دەکرێت، بابەت و هەڵوێستی نوێ بێتەکایەوە، جگە لەوەی کە زۆر هاوکێشەی سیاسیش لە ناوچەکە دێتەگۆڕین و دیار دەبێت کە ئایا ئەو ناوچە ئارامەی ئەوان باسی لێوە دەکەن، بە ئاسانی رادەست دەکرێت و دەدرێتە تورکیا، یان سووریا و رووسیا هەڵوێستی جددی دەنوێنن و رێگر دەبن. چونکە ئەگەر بە هاوکێشە یاساییی و نێودەوڵەتییەکان بمانەوێت شرۆڤەی بابەتەکە بکەین، ئەوا دوو دەوڵەت رێککەوتوون بە بەخشین و مامەڵەکردن بە بەشێکی خاکی وڵاتێك کە هی هیچ یەك لەوان نییە، هەر بۆیەش لەم چەند رۆژەی داهاتوو شتی زیاتر روون دەبێتەوە و ئەگەر هەر رێککەوتنێکی نهێنیش هەبێت، هێدی هێدی ئاشکرا دەبن.

ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین بە تەواوی شڵەقاوە و کورد و گەلی کوردستان جارێکی دی کەوتوونەتە بەر مەترسی و نەهامەتیی

پاکتاوکردنی نەژادی و ئاوارەکردن و ماڵوێرانبوون و گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان. پڕووشکی ئەم بارودۆخە دژوارەش بمانەوێت و نەمانەوێت بەر ئێمەو کیانی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێت، بەتایبەت کە نییەتی قێزەونی هەندێك وڵاتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ڕێگە نەدانە بە هەستانەوەی کوردو کپکردنی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیەکی ڕەسەنی ناوچەکەیە.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەك باڵاترین دامەزراوەی دەستووری و یاسایی و نیشتمانی هەرێمی کوردستان و وەك چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی هەرێم لە ڕێکەوتی (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) لە گەڵ (١٦) حزب و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دا، لە ڕوانگەی هەستکردن بە هەستیاری ئەو قۆناغەی ناوچەکە و عێراق و هەرێم بوو، بە مەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە و یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم. یەکێك لە تەوەرە گرنگەکانی ئەو کۆبوونەوەیەش تایبەت بوو بە کاریگەرییەکانی جموجووڵی سەربازیی تورکیا لە سووریا و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێم و چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەرێم لەگەڵ ئەو دۆخەی لەوێ ڕوویداوە و هەموو لایەنەکانیش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی واقیعییانە بگیرێتەبەر کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و خاکی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت و دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکانی هەرێمیش هەموو توانا دیپلۆماسی و سیاسییەکانیان بخەنەگەڕ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای ئاشتییانە و گفتوگو بۆ زامنکردنی مافی تەواوی پێکهاتەکانی سووریا.

لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێز (مسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانا و هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا هەموو ڕێکارێکی پێویست و گونجاو بگرنە بەر بە مەبەستی خزمەت گەیاندنێکی شایستە بە براوخوشکانی ئێمەی ڕۆژئاوای کوردستان.

پەرلەمانیش وەك مەرجەعی یاسایی لە ڕێکەوتی (١٥ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٩) و لە دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی خۆی (١٢) ڕاسپاردەی لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان پەسەند کرد، کە تیایدا هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانی بە ئیدانەکردنی هێرش و لەشکرکێشییەکە دەربڕی و پشتیوانیی خۆی بۆ بژاردەی ئاشتی پێشان دا بۆ چارەسەری کێشەکە، جگە لەوەی کە هەندێك ڕاسپاردەی تایبەتی هەبوو بۆ حکومەتی هەرێم و عێراق، بە مەبەستی هاوکاریکردن و گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو لە کاتی هاتنی لێشاوی ئاوارەکان و داواشیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەو هەوڵانەی مەرجەعی گەلی کوردستان بەڕێز (مەسعود بارزانی) و هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرتویانەتە بەر لە پێناو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و هاوکاری گەیاندن بە هاووڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەکردنی کێشەکانی ناوچەکە بە ئاشتی و گفتوگۆ، هەنگاوی ئومێدبەخشن بۆ ئەوەی هاوکار بین بۆ چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بەو نەهامەتییەی بە سەر خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستاندا هاتووە.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو قۆرخکارییەی لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن (پەیەدە)وە بەرامبەر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەگیرێتە بەر، کۆتایی پێ بهێنن و هەولی جددی بدەن بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە هاوبڕیار و یەکدەنگ بن، بۆ ئەوەی کورد نەکەوێتە بەر پاکتاوی نەژادی و ئاوارەکردنی ئیجباری و کار بکەن بۆ چەسپاندنی مافەکانیان لە داهاتووی ئەو بارودۆخەی لە سووریا دروست دەبێت.

**ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین بە تەواوی شڵەقاوە و کورد و گەلی کوردستان جارێکی دی کەوتوونەتە بەر مەترسی و نەهامەتیی پاکتاوکردنی نەژادی و ئاوارەکردن و ماڵوێرانبوون و گۆڕینی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان**

**پێویستە هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو قۆرخکارییەی لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن (پەیەدە) وە بەرامبەر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەگیرێتە بەر، کۆتایی پێ بهێنن**

# دیدێکی جیاواز بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا لە رۆژئاوا

رەنگە زۆر جار شتی زیانبەخش بە سوودو قازانج بشکێتەوە، کەواتە دەبێ کۆمەکاری عەرەبی لە متبوونی درێژخایەنی خۆی وەئاگا بێتەوەو هەستێتە سەر پێ، کۆببێتەوەو دانیشتنێکی نائاسایی بکات و بەیاننامەیەکی توورەیی دەربکات، هەرچەندە ئەو بەیاننامە توورەیە لەپێناو دەوڵەتێکە کە ئەندام بوو لە ئەنجومەنی کۆمەکاردا، بەڵام ئێستا ئەندامێتییەکەی سڕکراوە، هەندێ ئاماژەش هەن کە رەنگە بڕیاری سڕکردنی لاببرێت و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی کۆمەکاری عەرەبی، بۆیە ئەگەر ئەو هێرش و پەلامارەی تورکیا نەبایە، ئەوا ئەو کۆمەکارە عەرەبییە رەنگە هەر لەو خەوەی بەئاگا نەهاتبایەتەوە. من زۆر جار هێرشم کردۆتە سەر ئەو دامەزراوەیە کە هەر بە ناوەو لە خەوێکی قووڵدایە و نائامادەییشی شەرمەزارییە لە ئاست ئەو رووداوانەی لە ناوچەکە دێنەئاراوە، هەمیشە هیوای ئەوەم دەخواست کە میسر سوود لەو بارەگا رازاوەی سەر رووباری نیل ببینێت لە هەر چالاکییەکی بەسوووددا، بۆیە گەشبین بووم کاتێ بینیم لە خەو هەستاوەو جارێکی دیکە کەوتۆتەوە جووڵە، یەکەم کاریشی لەم رووەوە باسکردنی سەرکێشییەکەی تورکیا بوو کە کۆمەکاری عەرەبیی بەئاگا هێنایەوە، بەڵام وا دیارە هەروەکو قسەیەك هەیە دەڵێت: مردووی خەڵك بە خەڵك خەوی لێکەوتووە، واتا هەر کەس بە دەردی خۆی موبتەلایە و ئێش و ئازارو مەینەتییەکە لە خۆیەتی و بەس، خاوەن بڕیار ئیشی خۆی کردو دەستی خۆی وەشاند، هەرچی حزب و لایەنە کوردییەکانیشە، ئەوا هەتا ئەگەر لەنێو خۆشیاندا هەندێ ناکۆکی و ناتەباییان هەبێت، بەڵام ئەم هەڵوێستە کاریگەریی زۆری هەبوو بۆ سەر هەلومەرجی ئەم پەلامارەی تورکیا، چونکە خاوەن بڕیار (تورکیا) دڵنیا بوو لەوەی ئەو حزب و لایەنە کوردییانەی رۆژئاوا

**تورکیا دڵنیا بوو لەوەی ئەو حزب و لایەنە کوردییانەی رۆژئاوا لەنێو خۆیاندا ناتەبان، ئەمەش پەلاماردەری زیاتر هاندا تا دەست بەو سەرکێشییە و هێرشە بکات**



**ڕەجائی فاید**

سەرۆکی سەنتەری میسر بۆ دیراساتی کوردی

لەنێو خۆیاندا ناتەبان، ئەمەش پەلامارەدەری زیاتر هاندا تا دەست بەو سەرکێشییە و هێرشە بکات، خەڵکی ئەم نیشتمانە تەنیا لە پێناو یەکێك، یان لایەنێك ڕانەپەڕیوە، بەڵکو لە پێناو هەمووانە. لێرەدا قسەیەکی باباشنودەی میسر بە نموونە دێنمەوە کە دەڵێت: (میسر تەنیا نیشتمانێك نییە تێیدا دەژین، بەڵکو نیشتمانێکە لە ناخماندا دەژی)، بۆیە کوردستان نیشتمانێك نییە کە تەنیا کورد لێی دەژی، بەڵکو کوردستان لەناو دڵی هەموومانـدا دەژی، کەواتە هەستی نەتەوەیی کە(خاوەن بڕیاری تورك حیسابی بۆ نەکردووە) ئەوەیە کە هەموو کورد بە جیاوازیی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجییەتەوە، چ لەناو کوردستان یان لە تاراوگە هەمووانی کۆکردۆتەوە، بۆیە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتەکان گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێشبینی دەکرێت لەناو خودی تورکیاشدا خۆپیشاندان ڕوودات.

لەکاتێکدا کە سەرۆکی تورکیا بەو سەرکێشییەی خۆی هەوڵدەدات سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ سووریادا (بەپێی وتارەکەی کە بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو) مسۆگەرو پارێزراو بکات، چاوەڕوان دەکرێت پێچەوانە ڕووبدات، بۆیە کاتێ ئەو هەوڵەی دا بۆ گەیشتن بەو مەرامە، دەبینین هەڕەشەی ڕاستەوخۆی بۆ ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکەی لێکەوتەوە، کار گەیشتە دابەزینی متمانەی پارتی دادو گەشەپێدان لەنێو خەڵکدا، لەبەر ئەوە بیری لە ئەنجامدانی ئەم هەڵسوکەوتە کردەوە، هەموو ڕاپۆرتەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم حزبە لەنێو خەڵکدا متمانەی لە دەستداوە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە گەورە شارەکانی تورکیا بەڵگەی ڕوونە بۆ ئەم قسەیە، دیارە (پێکهاتەی کوردیش فاکتەری سەرەکی بوون لەم هاوکێشەیەدا)، هاوکات جیابوونەوەی هەندێ لە سەرکردەکانی ئەو حزبە

**هەستی نەتەوەیی کە (خاوەن بڕیاری تورک حیسابی بۆ نەکردووە) ئەوەیە کە هەموو کورد بە جیاوازیی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجییەتەوە، چ لەناو کوردستان یان لە تاراوگە هەمووانی کۆکردۆتەوە**




**ئەردۆغان لەپاڵ کێشەی نێو حزبەکەی و دابەزینی متمانەی خەڵک بەو حزبەو کێشەی دیکەی ئابووری، پەنای بردە بەر هەڵگیرسانی شەڕ، بەو ئومێدەی شکۆی رابردووی نزیکی بەدەست بهێنێتەوە**

وەك (عەبدوڵا گول و ئەحمەد داود ئۆغلو) بەڵگەیەکی دیکەیە، بۆیە ئەم شەڕە وەك ئەوە وایە بەرەو پێشەوە هەڵبێیت، لەپاڵ کێشەی نێو حزبەکەی و دابەزینی متمانەی خەڵك بەو حزبەو کێشەی دیکەی ئابووری، پەنای بردە بەر هەڵگیرسانی شەڕ، بەو ئومێدەی شکۆی رابردووی نزیکی بەدەست بهێنێتەوە.

پێشبینی دەکرێت بەم زووانە تۆپەکان کپ بن، شتی زۆر خێرا روویداو رێوشوێن و پەرەسەندنی تازە هاتنە ئاراوە، ئەسەدو رووسیاو رۆژئاوا، تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەخۆیاندا دێنەوە لە پرسی کشانەوە لە رووداوەکان، بۆیە بەم زووانە دەنگی تۆپەکان کپ دەبن، من پێموایە دۆخەکە وەك جارانی لێ دێتەوە، واتا پێش هەڵگیرسانی شەڕ، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی دیکەدا، ئەوەی گرنگە لێرەدا کورد چ وانەیەك لەم رووداوانە فێر بوو، ئەو هەموو رووداوانە لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەمەوە:

١- تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەندێك لە دەستەبژێری تورك خەون بە داگیرکارییەوە دەبینین وەك بۆماوەیی شەرعیی خەلافەتی عوسمانی، کە بە بۆچوونی ئەوان مافیان هەیە (ئەگەر بۆیان بکرێت) خاکی دەوڵەتانی دیکە زەوت بکەن (لێدوانەکەی ساڵی ٢٠٠٠ی بولاند ئەجەوید و کەسانی دیکە دێنمەوە یاد، خەونی ویلایەتی موسڵ یان شارەزوور)، ئەوان هیوادەخوازن ئەو دەرفەتەیان بۆ بێتە پێش تا خاکی دیکە زەوت بکەن، ئەو دەستەبژێرە پێیان وایە کە کورد لە هەمووان ئاسانترە کە پەلاماری بدەن (مەبەست کوردی سووریایە) بە رەچاوکردنی هەلومەرج و دۆخی ئاڵۆزی ئێستای سووریا.

٢- لەسەر گەلی کورد لە هەموو ناوچەکانیاندا پێویستە بە کردەوە بیسەلمێنن کە ئەوەی هەندێ کەس بۆی دەچن قەوارەیەکی ئاسان و لاواز نییە و پاروویەك نییە هەر وا بە ئاسانی قووتی




بدەن، چونکە لەسەر ئەرزی واقیعی کردەیی وا نییە، ئەمەش تەنیا بە یەکگرتوویی نێوان کورد دێتە دی، چونکە بە یەکگرتن سەرجەم ناوچەکانیان پارێزراو دەبن و هیچ داگیرکارو ستەمکارێك زەفەریان پێ نابات.

٣- من وەك خۆم هیوادارم خۆشەویستانم لە کوردستان پەیماننامەی شەرەف کۆیان بکاتەوەو هەموو لایەکیش پێوەی پابەندبن، پەیماننامەیەك بە دەق شتە چەسپاوەکان روون بکاتەوە و نابێ کەس لێی دەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادیی جوولە بدرێتە هەر لایەنێکی کوردی بەپێی بەرژەوەندییەکانی، بەڵام دەبێ پابەندی ئەو شتە چەسپاوانە بێت.

٤- ئەوە یەکەم جار نییە ویلایەتە یەکگرتووەکان خیانەت لە کورد دەکات، کاتێك پەیمانەکەی شکاند تایبەت بە ناوچەی ئارامی سەر سنووری نێوان تورکیاو سووریاو کشانەوەی لەناکاوی لەو ناوچانە، بەمەش گۆڕەپانەکەی بەتەنیا بۆ شەڕڤانانی کورد جێهێشت، تا بەتەنێ بەرەو رووی هێرش و پەلاماری تۆرانییەکان ببنەوە، هەرچەندە هەموو جیهان سەرزەنشتی کرد، بەڵام بێ شەرمانە ئەم هەنگاوەی هەڵێنا، مێژووی کورد پڕە لەو جۆرە خیانەتانەی ئەمریکا، بۆیە لە رووی هیواخوازییەوە دەڵێین (هەر دەبێت بە دەستی خۆت پشتی خۆت بخورێنیت)، چونکە جیهان هەمووی بەرژەوەندییەو بەس.

ئەوەندە ماوە کە بڵێین بەئاگاهاتنەوەی کۆمکاری عەرەبی تەنیا لەپێناو پێشێلکردنی تورکیا بوو بۆ خاکی سووریا، واتا ئامانجەکە عەرەبی بوو، نەك کوردی، ئەمەش با وابێت، بەڵام با ئەم هەڵوێستە کە دژی تەماعکاریی تورکیایەو راستەوخۆ لە قازانجی بەرگریکردن لە رۆژئاوا دەشکێتەوە، بکەینە پشتگیری و پاڵپشتییەك بۆ مەسەلەی برایەتیی کوردو عەرەب، ئەمەش لە دەرفەتێکی دیکەدا باسی دەکەم.

**بەئاگاهاتنەوەی کۆمکاری عەرەبی تەنیا لە پێناو پێشێلکردنی تورکیا بوو بۆ خاکی سووریا، واتا ئامانجەکە عەرەبی بوو، نەک کوردی، بەڵام ئەم هەڵوێستە کە دژی تەماعکاریی تورکیایە، راستەوخۆ لە قازانجی بەرگریکردن لە رۆژئاوا دەشکێتەوە**




کوێستان محەمەد

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# کار بۆ ئەوە دەکەین کارمەندانی کەرتی تایبەت هەمان مافی فەرمانبەرانی کەرتی گشتییان هەبێت

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتێکی گرنگە و دەتوانێت رۆڵێکی گەورە و بەرچاو لە هێنانەئارای ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا ببینێت، لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی دەستەبەرکردنی داهاتیش بۆ حکومەت، ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی ئەم وەزارەتە فرەلایەنن و کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە. بۆ تاوتوێکردنی کارنامە و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەم وەزارەتە و ئەو کێشە و ئاستەنگانەی رووبەڕووی بوونەتەوە، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ کوێستان محەمەد وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن.**

# داوامان کردووە بەکاربەر و بازرگانی مادەی هۆشبەر وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت

*** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە دەتوانین بڵێین، ئەرکی سەرەکیی دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی دژی داعشەوە، ئەم وەزارەتە بەشێك لە کارەکانی سڕ بوون، یان نەیتوانی پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ بکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا چۆن پێناسەی ئەم وەزارەتە دەکەیت و تاچەند بوونی ئەم وەزارەتە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی کار و هاوکاریی خەڵکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت گرنگە؟**

- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە زۆر وڵاتدا دوو وەزارەتە، (وەزارەتی کار، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی) لە زۆر وڵاتی دنیا ئەم وەزارەتە سیادییە و لە هەندێ وڵاتدا پێی دەڵێن دڵی حکومەت، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان لە هەموو کابینەکاندا ئەم وەزارەتە پەراوێز خراوە و گرنگیی تەواوی پێ نەدراوە، بۆیە نەیتوانیوە وەکو وەزارەتێکی سیادی کار بکات. ئەم وەزارەتە ئەگەر گرنگیی پێ بدرێت، دەتوانێت نەك تەنیا پێویستی بە بودجەی حکومەت نەبێت، بەڵکو دەتوانێت تەمویلی حکومەتیش بکات و بودجەی چەند وەزارەتێکیش دابین بکات، لە رێگای ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەی کە پێی دەڵێن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چونکە لەلایەن سندوقی زەمانەوە دەتوانێت پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدات و کار و پرۆژەی گەورە جێبەجێ بکات. جگە لەوەی گرنگیی پێ نەدراوە، قەیرانی داراییش زیاتر وایکردووە ئەو وەزارەتە بکەوێتە دواوە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەندیی بە کۆمەڵێك چین و توێژەوە هەیە، هەموویان پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتییە، کە خەڵکە لێقەوماو و هەژار و پەککەوتەکانن، لەوانە کەمئەندامان و ئەو خێزانانەی لە خوار

**ئەگەر حکومەت و ئەو وەزارەتەی ئێمە گرنگی بە کەرتی تایبەت بدەن و گرنگی بە ئەوانە بدەن کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، بەوەی هەمان ماف و ئیمتیازی کەرتی گشتییان هەبێت، ئەوا دڵنیام ئەو فشارەی بۆ دامەزراندن لەسەر کەرتی گشتی هەیە، پێچەوانە دەبێتەوە**

هێڵی هەژاریدان و نەوجەوانان و بەساڵاچووان و داینگەکانی حکوومی و ئەهلی کە منداڵی خوار تەمەن چوار ساڵی وەردەگرن. هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، پێویستیان بە هاوکاری و دەستگیرۆیی هەیە.

*** دەکرێت تیشك بخەنەسەر کارنامەی وەزارەتەکەتان؟**

- ئێستا بۆ هەردوو بەشی وەزارەتەکە کارنامەمان ئامادەکردوە و داومانە بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هاوکات ئێستا یاسای کار ئامادە دەکەین، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. لەگەڵ یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و چەندین یاسایی دیکە کە پەیوەندییان بە کرێکاران و ئەو کەسانە هەیە کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، تاوەکو هەمان ئیمتیاز و مافی کەرتی گشتییان هەبێت، بۆیە بە بڕوای من ئەگەر حکومەت و ئەو وەزارەتەی ئێمە گرنگی بە کەرتی تایبەت بدەن و گرنگی بە ئەوانە بدەن کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، بەوەی هەمان ماف و ئێمتیازی کەرتی گشتییان هەبێت، ئەوا دڵنیام ئەو فشارەی بۆ دامەزراندن لەسەر کەرتی گشتی هەیە، پێچەوانە دەبێتەوە، بەڵام ئەمەش گرێدراوە بە هەبوونی هەلی کارەوە، چونکە بە هۆی قەیرانی داراییەوە بەشێکی زۆر لە پڕۆژەکان وەستاون و زۆرێك لە کۆمپانیاکان مایەپووچ بوون و ئوتێل و رێستۆرانت و خواردنگە و سوپەرمارکێتەکان کارەکانیان روو لە کزی و کەمبوونەوەیە، بۆیە بە چەشنێك نەك نەیانتوانیوە کار بۆ خەڵك پەیدا بکەن، بەڵکو بەشێك لە کرێکار و کارمەندەکانی خۆیان لە کار دوورخسۆتەوە و بێکار بوون، هەروەها سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە هەموو سەنتەر و داینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانمان رێکبخەینەوە کە پەیوەندیی بە تۆڕی پاراستنی خێزان و کەمئەندامان و نەوجەوانان و چاکسازییەکانەوە هەیە، ئێمە ئێستا لەو قۆناغەین کە ئەمانە رێکبخەینەوە و داوامان لە حکومەت کردووە کە بودجە و پارەی بەردەست و پێداویستییەکانیمان زیاتر بۆ دابین بکات، هاوکات سەبارەت بە کەمئەندامان پێشتر ١٣هەزار کەمئەندام لە لیژنەی پشکنین دەرنەچووبوون و تانەیان لە بڕیارەکە دابوو، پاشان دووبارە پشکنینیان بۆ ئەنجام درایەوە و لە ئەنجامی پشکنینەکەدا دەرچوون، ئەگەرچی مووچەکانیان راگیرابوو، بەڵام ئێستا بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی توانیمان مووچەی ئەو کەمئەندامانە دابین بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێستا لە ئامادەکردنی راپۆرتێکی چڕوپڕی زانیاری و هەمەلایەنین بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، تاوەکو رەزامەندی وەربگرین بۆ تۆمارکردنی کەمئەندامانی تازە، کە لەساڵی ٢٠١٢وە لەبەر قەیرانی دارایی راگیراوە، هاوکات لیژنەیەکمان دروست کردووە بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەنسور راوێژکاری وەزارەت بە هاوکاریی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و undp و راوێژکارێکی فەرەنسی، تا رێنمایی تازەمان بۆ ئامادە بکەن بۆ تۆمارکردنی ئەو خێزانانەی کە لە خوار هێڵی هەژاریدان، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە رێنمایی تازە ئامادەبکەین و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسەند بکرێت، پاشان ناوەکان تۆمار بکرێن، لیژنەکانیشمان سەردانی ئەو خێزانانە بکەن بۆ راستی و دروستیی زانیاریەکانیان و پاشان رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت بۆ دەستەبەری هاوکارییەکان، هەروەها سەردان و بەدواداچوونمان دەستپێکردووە بۆ چاکسازییەکان، تاوەکو کەموکووڕی و پێداویستییەکانیان دەستنیشان بکەین و کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییانە ببنە شوێنی چاکسازی و کە زیندانییەکان ئازاد بوون وەك کەسێکی ئاسایی بێنەوە ناو کۆمەڵگە و ببن بە کەسنێکی بەرهەمهێن و جارێکی دیکە تاوان ئەنجام نەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر جەختمان لەسەر ئەو کەسانەیە کە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراون، لەناو کارنامەکەشماندا داوامان کردووە کە ئەوانەی بەکاربەری مادەی هۆشبەرن وەك بازرگانەکانی مادەی هۆشبەر مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت، چونکە ئەوانە تاوانبار نین، بەڵکو نەخۆشن و پێویستە لە ناو چاکسازییەکاندا شوێنیان جیا بێت و سەنتەریان هەبێت و پزیشك و توێژەری دەروونیی تایبەت و توێژەری کۆمەڵایەتی

پێشتر ١٣هەزار کەمئەندام لە لیژنەی پشکنین دەرنەچووبوون و تانەیان لە بڕیارەکە دابوو، پاشان دووبارە پشکنینیان بۆ ئەنجام درایەوە و لە ئەنجامی پشکنینەکەدا دەرچوون، ئەگەرچی مووچەکانیان راگیرابوو، بەڵام ئێستا بە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی توانیمان مووچەی ئەو کەمئەندامانە دابین بکەینەوە

ئێستا لە ئامادەکردنی راپۆرتێکی چڕوپڕی زانیاری و هەمەلایەنین بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، تاوەکو رەزامەندی وەربگرین بۆ تۆمارکردنی کەمئەندامانی تازە، کە لەساڵی ٢٠١٢وە لەبەر قەیرانی دارایی راگیراوە

سەردان و بەدواداچوونمان دەستپێکردووە بۆ چاکسازییەکان، تاوەکو کەموکووڕی و پێداویستییەکانیان دەستنیشان بکەین و کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی کە زیندانییەکان ئازاد بوون وەک کەسێکی ئاسایی بێنەوە ناو کۆمەڵگە و ببن بە کەسنێکی بەرهەمهێن و جارێکی دیکە تاوان ئەنجام نەدەن

ڕێنمایی و هاوکارییان بکات، تاوەکو لەم دۆخە رزگاریان ببێت و بگەڕێنەوە ناو خێزان و کۆمەڵگە، هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، ئەرکی وەزارەتمانە لە کارنامەکەدا داوامانە بە حکومەت و لە چاوەڕوانیی پەسندکردنیانداین و پەسندکردنی ئەوانەش پەیوەندیی بە بودجە و داهات و بارودۆخی هەرێمەوە هەیە، چونکە ئەگەر بوودجە و پارەی تەواو و پێویست لە بەردەست نەبێت، ناتوانین کار و پرۆژەکان جێبەجێ بکەین و ئەو کار و پرۆژە و بەرنامانەش کە لەگەڵ بودجەی هەرێم یەك بگرێتەوە، لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەین.

*** یەکێك لە خاڵەکانی بەرنامەی ئەم حکومەتە بایەخدانە بە کۆمەڵێك پرس کە بەشی زۆری ئەرکەکانی لەلای ئێوەیە، بۆ نموونە: هاوکاری بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت و دۆزینەوەی هەلی کار، خانە کۆمەڵایەتییەکان و شێڵتەرەکان و...هتد، ئایا لەبەر رۆشنایی بەرنامەی حکومەت، رەهەندە گشتییەکانی پلانی وەزارەتتان بۆ چوار ساڵی داهاتوو چۆن دەبێت؟**

- ئێمە پلانەکەمان گشتگیرە و هەموو ئەو بابەتانە لەخۆ دەگرێت کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێداوە. هەر یەکێك لە بابەتەکان خاڵ و برگەی خۆیان هەیە، تاوەکو بتوانین خزمەت بە کۆمەڵگەکەمان بکەین و کێشە و ئێش و ئازارەکانی خەڵك و چین و توێژەکان کەم بکەینەوە و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەین، یەکێك لەو لایەنانە کەمئەندامانن، کە نامانەوێت خەڵك بە چاوی بەزەییەوە سەیریان بکات، وەك ئەوەی کەسانێك بن، تەنیا پێویستیان بە کەمێك هاوکاریی دارایی هەبێت، بەڵکو دەمانەوێت کەمئەندامان وەك خەڵکی ئاسایی بەشداربن لە بەڕێوەبردن و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینی کۆمەڵگەش بگۆڕین لەوەی کە کەمئەندام پەراوێز بخرێت، بەڵکو کەمئەندام کەسێکە دەبێت کاربکات و بەشداربێت لە بەرەوپێشەوەبردنی وڵات و داهێنان ئەنجام بدات و بخوێنێت، هەروەها لەسەر شێڵتەرەکان ئیشمان کردووە، چونکە ئەو کەسانەی لە شێڵتەرەکانن، هەرەشەیان لەسەرە و دەبێت بەو ئاراستە و شێوەیە کاریان بۆ بکەین، کە بۆ ناو کۆمەڵگە و خێزانەکانیان بیانگەڕێنینەوە، بۆ ئەوەش دەبێت تێڕوانینی خەڵك لەسەر شێڵتەرەکان بگۆڕین، چونکە تا ئێستاکەش خەڵك تێڕوانینی زۆر خراپ و هەڵەیان لەسەر شێڵتەرەکان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسانەی دێنە شێڵتەرەکان کار و شیاندنیان بۆ دەکرێت، تاوەکو کێشەکانیان چارەسەر بکرێت و بگەڕێندرێنەوە ناو خێزانەکانیان و بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر ببەن، بۆ ئەو کارانەش بەردەوام لەگەڵ دادەوەرە بەرێزەکان و توێژەرەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە هەوڵی چارەسەری کێشەکانیانین، هەر چەندە لە شێڵتەرەکاندا هەر وەکو هەموو شوێنەکانی دیکەمان کێشەی باڵەخانە و نەبوونی ئۆتۆمبێل و پاسەوان و کارمەند و بودجەمان هەیە، بۆیە زۆربەی ئەم شوێنانەمان کەوتوونەتە سەر رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

*** وێڕای گرنگی و بایەخی ئەم وەزارەتە، بەڵام ئەم وەزارەتەش لە کەموکورتی و بەهەدەردانی پارە و گەندەڵی بە دوور نییە، پێشتر چوویتە هەڵەبجە و گەندەڵییەکی گەورەت ئاشکرا کرد، ئایا ئەو لایەنانەی لەم وەزارەتە گەندەڵی و بەهەدەردانی پارە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەستیان هەبووە، بەرنامەتان بۆ رووبەڕووبوونەوەیان چییە؟**

- یەکێك لە خاڵەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵییە، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ژیانی شایستە بۆ خەڵك دابین بکەین و خۆشگوزەرانی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە فەراهەم بکەین و کار لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەین، هەموو ئەمانەش بەچاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەکرێت، من لێرەم بۆ ئەوەی کە نەهێڵم یەك دینار لە وەزارەتەکەمان بەهەدەر بچێت و نەهێڵم کەس گەندەڵی بکات و یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان فەرمانبەراندا دروست ببێت و، بەشێوازێك رێکبخرێت کە بتوانین خزمەت بە هاووڵاتی بکەین و رۆتین نەهێڵین، تا بەمانەش بتوانین بە سەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بین، ئەوە سێ مانگە دەستمان بە کارکردن لەسەر چاکسازی کردووە و لیژنەی پشکنینمان بۆ

**دەبێت تێڕوانینی خەڵک لەسەر شێڵتەرەکان بگۆڕین، چونکە تا ئێستاکەش خەڵک تێڕوانینی زۆر خراپ و هەڵەیان لەسەر شێڵتەرەکان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کەسانەی دێنە شێڵتەرەکان کار و شیاندنیان بۆ دەکرێت، تاوەکو کێشەکانیان چارەسەر بکرێت و بگەڕێندرێنەوە ناو خێزانەکانیان و بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر ببەن**

**من لێرەم بۆ ئەوەی کە نەهێڵم یەک دینار لە وەزارەتەکەمان بەهەدەر بچێت و نەهێڵم کەس گەندەڵی بکات و یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان فەرمانبەراندا دروست ببێت و، بەشێوازێک رێکبخرێت کە بتوانین خزمەت بە هاووڵاتی بکەین و رۆتین نەهێڵین**

**لە هەڵەبجە و چەندین شوێنی دیکەش ئیجرائاتی ئیداریمان لەگەڵ گەندەڵکاران ئەنجامداون، بەم کارانەش تەنیا لە هەڵەبجە زیاتر لە یەک ملیار دینارمان بۆ بانکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گێڕاوەتەوە و لیژنەکان هەر بەردەوامن لە پشکنین و لێکۆڵینەوە**



زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکان داناوە و لە سنووری وەزارەتەکەمان لە هەر شوێنێك کەموکوڕی هەبێت، لیژنەی لێکۆڵینەوەمان بۆ دروست کردووە، وەك ئەوەی لە هەڵەبجە و چەندین شوێنی دیکەش ئیجرائاتی ئیداریمان لەگەڵ گەندەڵکاران ئەنجامداون، بەم کارانەش تەنیا لە هەڵەبجە زیاتر لە یەك ملیار دینارمان بۆ بانکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گێڕاوەتەوە و لیژنەکان هەر بەردەوامن لە پشکنین و لێکۆڵینەوە، دڵنیاین پارەی دیکەش بۆ حکومەت دەگێڕینەوە و لەسەر بنەمای زانیاریی تەواو و ورد لیژنە بۆ شوێن و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەمان دەنێرین و هەموو کاتێك لیژنەی لێکۆڵینەوەکانمان ئەندامێکی داواکاریی گشتیی لەگەڵدایە، پاشان لیژنەکان راسپاردە و پێشنیارەکانیان دەهێننەوە دوای دیراسەکردن ئێنجا ئیجرائاتیان لەبارەوە دەکەین.

*** یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم وەزارەتە هەماهەنگی و رێکخستنی پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەت و دەستی کارە، پێشتر لە سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراقدا (مەکتەبی تەشغیل)ی هەبوو بۆ دۆزینەوەی کار، ئایا ئێستا نووسینگەی دۆزینەوەی کارتان هەیە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی گەنج و دۆزینەوەی هەلی کار دەکەن؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی کارمان لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك هەیە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە لیژنەیان هەیە و دەچن بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار، بۆ ئەوە مەبەستەش سەردانی ئوتێل و رێستۆرانت و مۆڵ و خواردنگەکان دەکەن، تاوەکو بزانن ئەو شوێنانە چەند هەلی کاریان هەیە و پێویستیان بە چەند کرێکار و کارمەند و فەرمانبەر و پسپۆڕییەکان هەیە، لەلای خۆیان هەلی کار تۆمار دەکەن و رۆژانەش ئەوانەی بێکارن سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە دەکەن و ناوی خۆیان بۆ کارکردن تۆمار دەکەن. لەلایەکی دیکە ماوەی چەند ساڵە لەبەر کەمی و نەبوونی بودجە لە هەرێمی کوردستان پڕۆژەی وەبەرهێنان وەستاوە، کە ئەو جۆرە پڕۆژانە دەتوانن زۆرترین هەلی کار پەیدا بکەن، سەرەڕای ئەوەش زۆر لە کۆمپانیا و خاوەن پڕۆژەکان مایەپووچ بوون، بەڵام لە کاتێکدا کە بارودۆخی دارایی هەرێم باش بێت و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەست پێ بکەنەوە و حکومەتیش پڕۆژەی ستراتیژی لە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزارو...هتد

**یەکێک لە خاڵەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵییە، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ژیانی شایستە بۆ خەڵک دابین بکەین و خۆشگوزەرانی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە فەراهەم بکەین و کار لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەین**



ئەنجام بدات، ئەوا بە هۆی هەموو ئەمانەوە هەلی کار دەڕەخسێت. و ئێمە هەوڵمانداوە لە یاسای کاردا کە ئامادەمان کردووە هەموو ماف و ئیمتیازێکی ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن هاوتا بێت لەگەڵ ئەوانەی لە کەرتی گشتین، بۆ نموونە یەکێك لە کارکردن لە کەرتی تایبەت تووشی رووداو دەبێت، ئەوە دەبێت گوزەران و چارەسەرکردنی زامن بکرێت و هەموو ئەمانەمان لە پڕۆژە یاساکەدا جێگایان بۆ کراوەتەوە، ئەمەش وادەکات کە خەڵك لە کاتی هەبوونی هەلی کار روو لە کەرتی تایبەت بکەن. لەلایەکی دیکەوە کێشەی ئەو لیژنانەمان هەیە کە سەردانی شوێنی دۆزینەوەی هەلی کار دەکەن، چونکە ناتوانین لیژنەی زۆر بنێرین لەبەر کەمی و نەبوونی فەرمانبەر کە چەند ساڵە هیچ کەسێك دانەمەزراوە و لیژنەکان پێویستیان بە کارکردنی زیادە هەیە، لە کاتێکدا پارەیان بۆ خەرج نەکرێت، ئەوە ناتوانن کاری زیاد بکەن و کێشەی دەرماڵە و هاندان و پاڵپشتیی فەرمانبەر و کێشەی نەبوونی ئۆتۆمبێل و شوفێرمان هەیە، بەم هۆیانەشەوە لیژنەکان ناتوانن بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی هەلی کار بچنە شوێنەکان. هەروەها هەفتەی رابردوو لەسەر کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ئەنجومەنی وەزیران دوو کۆبوونەوەمان ئەنجامدا و بەڵێنیان پێ داوین هەموو داواکارییەکانمان بەپێی ئیمکانات لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی جێبەجێ بکەن، هەروەها لە پاشان لە١٧/١٠/٢٠١٩ لە دیوانی وەزارەت کۆبوونەوەیەکمان هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدا و بەم دواییە راپۆرتێکی هەمەلایەنمان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد، لەسەر کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە ١٧ خاڵ لەخۆی دەگرێت، سەرۆکی حکومەت خاڵی یەکەمی پەسەند کرد لە داواکارییەکانمان کە بریتی بوو لە دروستکردنی داتابەیسێك بۆ بەستنەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ سەرژمێری و دووبارە نەبوونەوەی داواکاریی کرێکاران و ئەم خاڵ و پڕۆژەیە رووبەڕووی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردەوە، بۆ داواکارییەکانی دیکەشمان لیژنەیەکی پێکهێنا لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.


**کێشەی دەرماڵە و هاندان و پاڵپشتیی فەرمانبەر و کێشەی نەبوونی ئۆتۆمبێل و شوفێرمان هەیە، بەم هۆیانەشەوە لیژنەکان ناتوانن بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی هەلی کار بچنە شوێنەکان**

## بەرەنگاربوونەوەی دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە

# دروستبوونی مەرجەعییەتێکی باڵای نەتەوەیی گەرەکە

**سەردەم، سەردەمی خەباتی ئاشتییانە و دیپلۆماسییە، ئەو خەباتەش بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی و کۆدەنگی و خەباتی دیپلۆماسیی ژیرانە و هاوسەنگ و بە پێکهێنانی مەرجەعیەتێکی هێور و پڕئەزموون دەکرێت**

ئەوەی لای هەمووان روونە لەم سێ چوار ساڵەی دواییدا بێجگە لەو ئاریشانەی بە هۆی سەرهەڵدانی داعشەوە هاتنەئاراوە، کە جینوسادێکی دیکەی بۆ کوردانی ئێزدی لێکەوتەوە و دەستکەوتە نەتەوییەکانی باشوور و خۆرئاوای کوردستانی خستە بەر مەترسی، لە هەمان کاتیشدا تێکڕا ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، دوای هێوربوونەوەی مەترسییەکانی داعش، چەندین ئاڵۆزیی دیکەی بۆ کوردان دروست کردەوە، بەتایبەتی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و رادەستکردنەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە حەشدی شەعبی و گرووپە میلیشیا تائیفییەکانی بن هەژموونی وڵاتێکی دراوسێ، کە بووە هۆکاری دووبارە تەعریب و ئازاردان و وەدەرنانی هاووڵاتیانی رەسەنی ئەو ناوچانە، دواجاریش گرفتی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان و پیلانگێڕیی سەرانی تورك بە رۆژئاوای کوردستان و جووڵەپێکردنی هێزی سەربازیی ئەو وڵاتە؛ بە مەبەستی داگیرکردنی پارچەیەك لە خاکی کوردستان و پەلاماردانی دەیان هەزار مرۆڤی سڤیلی بێ بەرگری لە پیرو ژن و منداڵ و بەئامانجگرتنی وێرانکردنی گوند و شارو شارۆچکەکانی رۆژئاوا و گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەو پارچەیەی کوردستان، کە ئەمانە هەموی بۆخۆی رۆژ بە رۆژ دەرەنجامی مەترسیدارتری بۆ دۆزی کورد و ئایندەی نەتەوەکەمان لێ دەکەوێتەوە، لە هەمووشی خراپتر لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و شەڕڤانانی خۆرئاوا بە هاریکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و بە خوێنی هەزاران شەهیدی قارەمان گورزی هەرە کوشندەیان لە هێزە دڕندە و رەشەکانی داعش وەشاند، و دەیان گوندو شار و شارۆچکەیان لەو دڕەندانە پاك



**د. عمر ڕەنگینەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

کردەوە و تەمێیان کردن و ئەوەی بە حکومەتەکانی ناوچەکە نەکرا، گیان لەسەردەستەکانی کورد کردیان و بوونە هۆکاری تێکشکانی گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان، بەڵام نە وڵاتانی ناوچەکە و نە حکومەتی عێراق و نە هێزە نێودەوڵەتییەکانی دژە داعش، وەفایەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو هەموو فیداکارییانە نەبوو، لەوەش خراپتر دوای هێوربوونەوەی جەنگی دژە داعیشیش بارگرانی پەلاماردان وماڵوێرانبوونی دانیشتووانی خۆرئاواشی هاتەسەر، دواجاریش بەشی هەرە زۆریان پشتیان لە خواست و مافە سرووشتییەکانی کورد چ لە باشوور و چ لە خۆرئاوا کرد.

ئەمە تاوەکو ئێرە پەردەیەکە لە بارودۆخەکە و قوربانیی کورد لە پێناو تێکشکانی داعش و پاراستنی ئاشتیی جیهانی، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە لێرەوە بخرێتە پێش چاو، ڕۆڵی خۆمانە لە دروستبوون، یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە هاتوون، یان دێنە ئاراوە. خۆ ئەگەر کەمێك بە خۆماندا بچینەوە، یان ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە و سەیرێکی ئێستاشمان بکەین، دەبینین بەشێکی گرنگی بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە ئاڵۆز و مەترسیدارە لە ئەستۆی خۆماندایە؛ چونکە بۆخۆشمان بە هۆکاری پەرتەوازەیی و فرە جەمسەرییەوە وەکو پێویست نەمانتوانیوە وەکو هێزێکی مەزن و خاوەن ستراتیژ و خاوەن دۆزی رەوا و ماف وێنای خۆمان بکەین و، ئامانج و خواستە رەوا نەتەوەییەکانمان بکەینە ستراتیژێکی گشتگیر و پێکڤە هەمووان بەرگریی سەختی لێ بکەین. کەواتە بۆ لەمەولا زۆر گرنگە بەڵکو گەلەك پێویستە هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی جارێکی دی و بەدیدێکی فراوانتر خۆیان ڕێکبخەنەوە و هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیگەلێك لە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد،

**ئەوەی بە حکومەتەکانی ناوچەکە نەکرا، گیان لەسەردەستەکانی کورد کردیان و بوونە هۆکاری تێکشکانی گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان، بەڵام نە وڵاتانی ناوچەکە و نە حکومەتی عێراق و نە هێزە نێودەوڵەتییەکانی دژە داعش، وەفایەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو هەموو فیداکارییانە نەبوو**

که وا دووباره سەریان هەڵداوەتەوە، یان خەریکن لێرەو لەوێ سەر هەڵئەدەن، ئەوەش لە کاتێکدا کە مەترسییەکان زۆر لەوانەی جاران جیاوازتر و قورستترن، چونکە وا پێ دەچێت، ئەمجارە نەیارانی کورد و دۆزەکەی بە هەماهەنگیی نێوانیان بڕیاری سەخت و چارەنووسسازیان بەرامبەر کورد دابێت و لە پێناو کۆتاییهێنان بە دۆزی سرووشتی و رەوای کورد، جیاوازی و ململانێکانی نێوان خۆیان تا رادەیەك خامۆش کردبێت، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە ئەو نەیارانە بە دەستەجەمعی لە هەوڵی ئەوەدان زلهێزانی جیهان بە خواست و دیدی خۆیان بۆ دۆزی کورد قایل بکەن و دواجار خۆیان واتەنی: دۆزە رەواکەمان بۆ هەتا هەتایە خامۆش بکەن. چونکە ئەم نەیارانە لە لایەکەوە خاوەنی دەسەڵاتی زەبەلاحن و لە لایەکی تریشەوە هێندە بژاردەو هێزی ئابووری و میدیا و ریکلامیان لە بن دەستەدایە، کە کەم تا زۆر دەتوانن کار بکەنە سەر رای زلهێزانی جیهان و هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان بشکێننەوە. کەواتە ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ بکرێت، هەماهەنگیی بەرفراوانی هیزە کوردییەکانە لەگەڵ وەلانانی دید و جیاوازییەکانی خۆیان لە پێناو وەدیهێنانی خیتابێکی یەکگرتووی نوێ و ستراتیژێکی هاوبەشی کوردانە و وەگەڕخستنی مەکینەیەکی دیپلوماسیی هاوبەش و بەپێز، تاوەکو ئەم هێزانە لە رێگەیانەوە بتوانن رای گشتیی وڵاتان و گەلانی جیهان بە لای خۆماندا رابکێشن، دۆز و مافە سرووشتییەکانمان بکەنە پرسێکی جیهانی و نێودەوڵەتی، تاوەکو لە بەردەم ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بەرگریی سەخت لە دۆزی رەوای کورد بکرێت، ئەمانەش هەمووی بە دروستکردنی مەرجەعیەتێکی باڵای کوردی دەکرێت کە هەموو هێزە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بن و پشتگیریی ئەو مەرجەعییەتە بکەن.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستانی باشوور تاکە قەوارەی فەرمیی ددانپێدانراوی دەستووری و یاسایی کوردییە، بۆیە هەنگاوی یەکەم: پێویستە هەموو هێزە کوردی و کوردستانییەکان پابەند بن بە ددانپێدانان و حورمەتگرتنی خاك و سەروەریی هەرێمی کوردستانەوە.

■

**بەشێکی گرنگی بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە ئاڵۆز و مەترسیدارە لە ئەستۆی خۆماندایە؛ چونکە بۆخۆشمان بە هۆکاری پەرتەوازەیی و فرە جەمسەرییەوە وەکو پێویست نەمانتوانیوە وەکو هێزێکی مەزن و خاوەن ستراتیژ و خاوەن دۆزی رەوا و ماف وێنای خۆمان بکەین**



هەنگاوی دووەم: بڕیاری هەموو ئەو هێزانەیە بە کۆدەنگی کە فیداکاری بۆ ئەو هەرێمە بکەن و بیپارێزن، نەك ئاریشە و تەنگەشەی ناجۆر و نادروستی بۆ دروست بکەن، بگرە دەبێت خۆیان لە هەر جووڵەیەك بپارێزن کە ببێتە دەردەسەری بۆ ئەم قەوارەیە کە بۆ خۆی بەرهەم و سینبولی بەرخۆدانی هەموو کوردە لە سەرتاسەری کوردستان. هەنگاوی سێیەم: دروستکردنی مەرجەع و کۆدەنگیی هەموو کوردانە لە سەر پرسە ستراتیژی و نەتەوەییەکان لە روانگەی ئەوەی دۆزی کورد لە هەموو پارچەکان یەك دۆزە، بەڵام دەکرێت هەر پارچەو تایبەتمەندی خۆی هەبێت، کەواتە دەکرێت و زۆریش شیاوە هەرێمی کوردستان ناوەندی مەرجەعییەتی کوردان بێت و هێزە کوردییەکان دەست لەناودەستی یەکتر بن و هەرێم بکەنە خاڵی وەرچەرخان و جووڵە بۆ وەگەڕخستنی هەڵمەتێکی دیپلۆماسی و سیاسی و میدیایی و پەیوەندیگرتن لەگەڵ تێکڕای هێزە دۆست و مەزنەکانی جیهانی. خۆشبەختانە ئەمڕۆ

■

**دەکرێت و زۆریش شیاوە هەرێمی کوردستان ناوەندی مەرجەعییەتی کوردان بێت و هێزە کوردییەکان دەست لەناودەستی یەکتر بن و هەرێم بکەنە خاڵی وەرچەرخان و جووڵە بۆ وەگەڕخستنی هەڵمەتێکی دیپلۆماسی و سیاسی و میدیایی و پەیوەندیگرتن لەگەڵ تێکڕای هێزە دۆست و مەزنەکانی جیهانی**



لە باشوور سەرکردایەتییەکی بەئەزموون و کەسایەتی دیار و خاوەن مێژوو و ناسراوی وا هەن، کە ئەگەر هێزەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی تواناکانیان بە ئاراستەی سەر لەنوێ ناساندنی دۆزی ڕەوای میللەتی کورد بە شێوازی ئاشتییانە یەك بخەن، دەرنجامی زۆر باشی لێ دەکەوێتەوە.

ئێستا هەرێمی کوردستانی باشوور هەرێمێکی یاسایی و دەستوورییە و پایتەختی هەرێم نشینگەی دەیان کونسولگەری و نوێنەرایەتیی وڵاتانی دونیایە کە بە درێژایی مێژوو کورد شتی وای بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوە بۆ خۆی هێز و پێزێکی تایبەت و مێژووییە بۆ دۆزی نەتەوەیی کوردان کە پێویستە بە هەمووان دەستی پێوەبگرین و هەوڵ بدەین بەرەو باشتری بەرین.

ئێمەی کورد باجی زۆرمان بە دەست پەرتەوازەیی و پشتکردنە یەکترییەوە داوە، بۆیە چیتر ناکرێت لەوە زیاتر لەو ڕەوشە بەردەوام بین و زیانی کوشندە بە ئایندەی گەلی خێرلەخۆنەدیوی خۆمان بدەین. دەبێت ئیدی باش لەوە تێگەیشتبێتین کە سەردەم، سەردەمی خەباتی ئاشتییانە و دیپلۆماسییە، ئەو خەباتەش بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی و کۆدەنگی و خەباتی دیپلۆماسیی ژیرانە و هاوسەنگ و بە پێکهێنانی مەرجەعیەتێکی هێور و پڕئەزموون و ڕێز بۆ یەکتریدانان دەبێت، نەك بە ملهوڕی و یەکدی سڕینەوە و دروشمی بریق و باقی وەکو «هەمووان خائینن و تەنیا من نوێنەری کوردانم!!» یان «من لە هەمووان راستترم!!» لە هەمان کاتیشدا دەبێت هەر دەستبردنێك بۆ سیادەی هەرێمی باشوور بچێتە بواری قەدەغەبوون، ڕێزگرتن لەم هەرێمەش ببێتە خەمی هەمووان و هەموانیش فیداکاری بۆ بکەن، بۆیە هەرگیز ناکرێت هێزگەلێك لافی کوردایەتی و سەربەخۆیی کورد لێ بدەن و حورمەتی سیادەی هەرێم نەگرن، چونکە ئەم هەرێمە لای هەموو کوردێکی شەرەفمەند پیرۆزە و خاڵی جووڵەکردنە بەرەو سەربەخۆیی سەرتاسەری.

**ئێمەی کورد باجی زۆرمان بە دەست پەرتەوازەیی و پشتکردنە یەکترییەوە داوە، بۆیە چیتر ناکرێت لەوە زیاتر لەو ڕەوشە بەردەوام بین و زیانی کوشندە بە ئایندەی گەلی خێرلەخۆنەدیوی خۆمان بدەین**



عەبدولڕەحمان مستەفا

سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ گوڵان :

# هەموو لایەنەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دۆخی کەرکووک پێویستی بە ئاساییبوونەوە هەیە

**بۆ یەکەم جارە ٢٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی لە هاوپەیمانێتییەکدا کۆبوونەتەوە و بە یەك لیست بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی (کەرکوك و نەینەوا و دیالە) دەکەن، خەڵکی کوردستان بەگشتی و ئەو پارێزگایانە بەتایبەتی بە دڵخۆشییەوە دەڕواننە ئەو یەکڕیزییە و ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە، بەتایبەتی کە بۆ ماوەی دوو ساڵە هاووڵاتیانی کەرکوك و ئەو ناوچانە بە دەست دۆخێکی نائاسایی و نایاساییەوە گیرۆدە بوون، لایەنە کوردستانییەکانیش بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بە دروشمی (پێکەوەژیان و جێبەجێکردنی دەستوور) خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکەن، بۆ قسە کردن لەسەر ئەم قەوارەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ عەبدولڕەحمان مستەفا سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان سازکرد.**

# پشتگیریی هاووڵاتیانی کەرکووک و پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکان بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانێتییەکە گرنگە

**جەنابی کاک مسعود بارزانی بەردەوام پاڵپشتمان بووە و ستایشی کردووین و هانیان داوین خزمەتی کەرکووک و کەرکووکییەکان بە بێ جیاوازی بکەین، ئەم یەکڕیزی و یەکدەنگییە بە پاڵپشتی ئەوان هاتۆتە بەرهەم**

*** خەڵکی کوردستان زۆر دڵخۆش بوون بە دامەزراندنی یەك لیست بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ کەرکوك، ئایا تاچەند بوونی ئەم یەك لیستییە کاریگەریی لەسەر کەرکوك دەبێت؟ ئایا بێجگە لە پێکهاتەی کورد پێکهاتەکانی دیکەش لەم لیستەدا هەن؟**

- هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئەم قەوارەیە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی یەکڕیزی و دابەزینی لایەنەکان بە یەك لیست بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی (کەرکوك و نەینەوا و دیالە) هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر و بەدیهاتنی دەستکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان، بە پێچەوانەوە لە ناخۆشی و پەرتەوازەیی و ناکۆکیدا گەلەکەمان بەردەوام دەستکەوتی گەورەی لەدەست داوە، هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو ئەم هاوپەیمانێتییە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە یەك لیستی رۆڵی گەورەی لە بەهێزبوونی خودی خۆشیان دەبێت، هەر بۆیە دامەزراندنی قەوارەی هاوپەیمانیی کوردستانی بە بەشداریی ٢٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی کە پێکهاتەی تورکمانیشی تێدایە، بووەتە جێگای دڵخۆشی بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و هاووڵاتیانی کەرکوك بەتایبەتی و، لایەنێکی ئەرێنیی هاوپەیمانێتییەکەشە، ئەم قەوارەیەش بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایانەیە بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشورەوە، هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئەو پارێزگا و ناوچانە دەتوانن بێنە ناو ئەم

**دامەزراندنی قەوارەی هاوپەیمانیی کوردستانی بە بەشداریی ٢٦ لایەنی سیاسیی کوردستانی کە پێکهاتەی تورکمانیشی تێدایە، بووەتە جێگای دڵخۆشی بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان**

لیستەوە، تا پێکەوە دەست بخەینە ناو دەستی یەکتر بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان و خزمەتکردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەبێ جیاوازی.

*** باسی چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانەت کرد، بەتایبەتی هاووڵاتیانی پارێزگای کەرکووك، هەڵبەتە گرفت و کێشەکان زۆر و ئاڵۆزن، ئایا ئێوە چ بەرنامەیەکتان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە داناوە؟**

- کەرکووك کێشە و گرفتی زۆرە، چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە و گرفتانەش لە ڕێگەی دەستوورەوە دەکرێت، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، بۆیە دروشمی ئێمە لە هاوپەیمانێتیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان (پێکەوەژیان و جێبەجێکردنی دەستوور)ە، دیارترین ئەو کێشانەش کە دەبێت چارەسەر بکرێن، ئاسایی نەبوونەوەی دۆخی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە و بەردەوامیی تەعریب و ئاوارەبوونە.

*** لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە، یەك هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کراوە، لەو ئەنجومەنەشدا لیستی برایەتی زۆرینەیە، ئایا تاچەند مەزندە دەکەن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا جارێکی دیکە زۆرینە بەدەست بێننەوە؟**

- لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆرینەن و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك لە ساڵی٢٠٠٥ و دواتر هەڵبژادنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمە سەلمێندرا، لەم هەڵبژاردنەشدا ئومێدێکی زۆر هەیە کە هاوپەیمانیی کوردستانی هەر زۆرینەی کورسییەکان مسۆگەر بکات.

*** لەسەرەتای ئەم مانگەدا باس لەوە دەکرا ئەنجومەنی پاریزگاکان سڕ بکرێن و چاوەڕێی هەڵبژاردن و ئەنجومەنی تازە بن، ئایا ئەم سڕ کردنە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەگرێتەوە؟**

- بابەتی سڕکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تا ئێستا هەواڵە و هیچ بڕیارێك لەم بارەیەوە نەدراوە، تەنیا دۆسێکە دراوە بە لیژنەی یاسایی لە پەڕلەمانی عێراق و دەبێت چاوەڕوانی بڕیاری ئەوان بین، مەسەلەی سڕکردنی ئەنجومەنەکان بەپێی زانیارییەکانی من بە شێوەیەکی نافەرمی ئەنجومەنەکان تا یەکی ئاداری ساڵی داهاتوو کاردەکەن، ئەو کات بڕیاریان لێ دەدرێت، ئەم حاڵەتە بە نیسبەت کەرکووکەوە جیاوازە، چونکە بەپێی یاسای ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ کاری پێ ناکرێت، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن لەم شارەدا نەکراوە، هەربۆیە لەو یاسایەدا ئیستیسنا کراوە و هەر بڕیارەکەی برێمەر کاری پێ دەکرێت.

*** هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بارودۆخی کەرکووك پێویستی بە ئاسایی کردنەوە دەبێت، بەتایبەتی کە ئێستا لایەنێکی سیاسی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی بارەگای لەوێ نییە، ئەگەر ئاگادار بن، ئایا ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پارێزگای کەرکووك بەردەوامە؟**

- بارودۆخی کەرکووك نائاساییە و ناشکرێت لە دۆخێکی وادا هەڵبژاردن بە ڕەوشێکی ئاسایی خۆیدا تێپەڕ بێت، بەڵام هێشتا شەش مانگ ماوە بۆ وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان، خۆشبەختانە ئێستا گفتوگۆی جددی لەنێوان هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی عێراقدا هەیە، هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆی جددی هەیە، ئومێدەوارم تا ئەو کاتە هەموو کێشە و گرفتەکان بەرەو چارەسەرکردن بچن و دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەموو لایەنەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە ئاساییبوونەوەی بارودۆخی کەرکووکدا سوودمەند دەبن، بەتایبەتی سوودی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکەش دەبێت. ئێمەش لە قەوارەی هاوپەیمانێتیی کوردستان بەردەوام سەرقاڵی کۆبوونەوە و گفتوگۆین، تاوەکو پێش وادەی دیاریکراو لە ڕووی لیست و بەرنامەی کار و وردەکارییەکانەوە خۆمان ئامادە کردبێت و بینێرینە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەمەش هەمووی لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی و دەستکەوتین بۆ کەرکووك و دانیشتووانی پارێزگاکە و ناوچەکانی دیکە .

*** زۆربەی ئەو بڕیارانەی لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەردەچن، مۆرکێکی سیاسییان پێوەیە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی**

**بارودۆخی کەرکووک نائاساییە و ناشکرێت لە دۆخێکی وادا هەڵبژاردن بە ڕەوشێکی ئاسایی خۆیدا تێپەڕ بێت، بەڵام هێشتا شەش مانگ ماوە بۆ وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان، خۆشبەختانە ئێستا گفتوگۆی جددی لەنێوان هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی عێراقدا هەیە**

**بۆ گەڕاندنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆی جددی هەیە، ئومێدەوارم تا ئەو کاتە هەموو کێشە و گرفتەکان بەرەو چارەسەرکردن بچن و دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە**

**بە دۆخی کەرکووك و دەرهاویشتەکانیەوە هەیە، ئایا داواکاریی ئێوە لە پەرلەمانتارانی کوردستان لە بەغدا چییە؟**

- لە یەکەم کۆبوونەوەماندا لە قەوارەی هاوپەیمانیی کوردستانی بڕیاری ئەوەمان دا، کە داوا لە پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین، بۆ بەدواداچوونی دۆسێیەکانی کورد بەتایبەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە، هاوکات بەدواداچوونی ئەو تانەیەش بکەن کە لە دادگای فیدراڵیی عێراق لەو باسایە دراوە.

*** لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر خەڵکێکی زۆری کورد لە پارێزگای کەرکووك ئاوارەی شارەکانی دیکەی کوردستان بوون، ئایا مەترسیی ئەوە نییە ئەم خەڵکە نەتوانن لە رۆژی هەڵبژاردندا بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك، ئایا ئەمە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ژمارەی دەنگەکان و کورسییەکان نابێت؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد، ئاوارەبوونی کورد و تەعریب کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام بە جێبەجێکردنی دەستوور دەتوانین هەموو ئەو بڕیارە هەڵانە چاك بکەینەوە کە هەر لە رژێمی بەعسەوە تا ئێستا دراوە، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە بەپێی دەستوور و یاسا ماددەیەکی زیندووە و بودجەی بۆ دانراوە و ئۆفیسەکانی لێژنەی باڵای ماددەکەش ماون، بگرە بە بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی ماددەکە بە زیندوویی دانراوە، قەناعەتیشمان هەیە هاووڵاتیانی کەرکووك لە رۆژی دەنگداندا بۆ سەرخستنی لیستەکەیان بەشدارییەکی باشیان دەبێت.

*** لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بوویتە کاندیدی تەوافقی سەرجەم لایەنەکان و بوویتە پارێزگاری کەرکووك، ئەمجارەش دیسان بوویتەوە بە کاندیدی تەوافقی لایەنە کوردستانییەکان و بوویتە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستانی، ئایا ئەو تەوافقە هۆکارەکەی چییە؟**

- من وەکو کەسێکی بێلایەن کارم کردووە و پەیوەندیی باشم لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کەرکووك هەیە، لەماوەی کارکردنیشمدا پێکەوە پرۆژە و دەستکەوتی گەورەمان بۆ کەرکووك هەبووە، هەر لە هێنانی پێترۆدۆلار و دروستکردنی بەنداوی خاسە، کە خەونێك بوو بۆ کەرکووکییەکان، تا دروستکردنی نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی و دەیان پرۆژەی دیکەی وەك دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و راکێشانی رێگا و دروستکردنی بەرزەپرد، هەروەها هەردوو بەنداوی (شیرین و باڵکانە)ش تەواو بوون و ئێستا ئاویان تێدا ئەمبار دەکرێت، تەنانەت پرۆژەیەکی گەورەشمان بۆ خاسە هەبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١١ دەستم لەکار کێشایەوە، من کە پارێزگاری کەرکووك بووم بەبێ جیاوازی لەنێوان نەتەوە ئاین و ئاینزاکان و بۆ هەموو پێکهاتەی شارەکە کارم کردووە، ئەمانەش هەموو پاڵنەر و هۆکاربوون بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر کاندیدکردنم کۆك بن .

*** لەبەرنامەی هاوپەیمانیی کوردستانیدایە سەردانی لایەنەکان بکەن و لە نزیکەوە گفتوگۆ لەسەر دۆسێیەکی گرنگی وەکو کەرکووك بکەن؟**

- لە بەرنامەی هاوپەیمانێتی کوردستانیدایە سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکان بکەین و شەرەفێکی زۆر گەورەشە لە نزیکەوە جەنابی کاك مسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت ببینین و سەردانی سەرکردەی حزبەکان بکەین، جەنابی کاك مسعود بارزانی بەردەوام پاڵپشتمان بووە و ستایشی کردووین و هانیان داوین خزمەتی کەرکووك و کەرکووکییەکان بە بێ جیاوازی بکەین، ئەم یەکڕیزی و یەکدەنگییە بە پاڵپشتی ئەوان هاتۆتە بەرهەم، هەربۆیە یارمەتیدان و پاڵپشتی لایەنە سیاسییەکان دەبێتە سەرخستنی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی و جێگای دڵخۆشیی هەموو هاووڵاتیانی کوردستانیشە، بەتایبەتی هاووڵاتیانی کەرکووك، داوا لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم ئەم یەکڕیزییە بپارێزن و پاڵپشتیی بکەن، چونکە دەستکەوتی گەورەی بەدوادا دێت و هاووڵاتیانیش بەم یەکڕیزییە زیاتر بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن و هەموو دەنگەکانمان دەپارێزین و بەفیڕۆ ناڕۆن و ژمارەی کورسییەکانمان زیاد دەکەن.

بە جێبەجێکردنی دەستوور دەتوانین هەموو ئەو بڕیارە هەڵانە چاك بکەینەوە کە هەر لە رژێمی بەعسەوە تا ئێستا دراوە، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە بەپێی دەستوور و یاسا ماددەیەکی زیندووە و بودجەی بۆ دانراوە و ئۆفیسەکانی لێژنەی باڵای ماددەکەش ماون

کە پارێزگاری کەرکووك بووم بەبێ جیاوازی لەنێوان نەتەوەو ئاین و ئاینزاکان و بۆ هەموو پێکهاتەی شارەکە کارم کردووە، ئەمانەش هەموو پاڵنەر و هۆکاربوون بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر کاندیدکردنم کۆك بن

داوا لەلایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم ئەم یەکڕیزییە بپارێزن و پاڵپشتیی بکەن، چونکە دەستکەوتی گەورەی بەدوادا دێت و هاووڵاتیانیش بەم یەکڕیزییە زیاتر بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن

## دیمانەی تایبەت





رەنگە هیچ وڵاتێك لە جیهاندا نەبێت کە خاڵی بێت لە گەندەڵی، بەڵام ئاست و مەودای ئەم کێشەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، ئەگەر گەندەڵی لە وڵاتێکدا بوویێتە پەتایەکی سەرەکی و سەرتاپای کۆمەڵگەکەی تەنی بێت، ئەوا دەبێت هەڵوێستی جددی لەسەر بکرێت و هەڵسەنگاندنی قووڵی بۆ بکرێت، نەیجیریا وڵاتێکە نەك هەر تەنیا بە دەست گەندەڵییەوە دەناڵێنێت، بەڵکو گەندەڵی بۆتە کێشەیەکی هێندە گەورە و ئاڵۆز، کە



## فیلیپ ئۆلاسوپۆ ئەلیّجی

پرۆفیسۆری ئابووری لە زانکۆی کەڤێنانتی نەیجیریا بۆ گوڵان:

# سیستمی سیاسیی نەیجیریا بەرهەمهێنەری گەندەڵییە

زۆرجار رەنگە وا دەربکەوێت کە نەتوانرێت چیتر کۆنترۆڵ بکرێت و دەرهاویشتە و دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی کەم بکرێنەوە. تێگەیشتن لەم دۆخەش پێویستی بە دەستنیشانکردنی هۆکارە ریشەییەکانی هەیە، لەگەڵ چۆنیەتیی پەرەسەندن و تەشەنەکردنی گەندەڵی لەم وڵاتەدا، کە دەبێت دواتر کار لەسەر ئەوە بکرێت کە چۆن دەتوانرێت کاراترین شێواز دابڕێژدرێت و پیادە بکرێت، بۆ ئەوەی مەودای گەندەڵییەکە کەم بکرێتەوە. ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ فیلیپ ئۆلاسوپۆ ئەلیّجی، کە پرۆفیسۆری ئابوورییە لە بەشی دیراساتی ئابووری و گەشەپێدان لە زانکۆی کەڤێنانت لە وڵاتی نەیجیریا، پێشتریش لە چەندین زانکۆی ئەو وڵاتە وانەبێژ بووە و خاوەنی چەندین توێژینەوەیە سەبارەت بە دۆخی ئابووری و دارایی وڵاتی نەیجیریا و کێشەی گەندەڵی و کاریگەرییەکەی لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە.

**دەبێت لە نێو خودی کۆمەڵگەکەوە دەست پێ بکەین و هەوڵ بدەین دید و تێڕوانینەکان بگۆڕین، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانین کۆمەڵگەیەک بنیات بنێین کە لەوە تێبگات گەندەڵی کارێکی قبووڵ نەکراوە**

**هەر گرووپێک بە تەنیا هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەجێندای سیاسیی خۆی دەدات، کە مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا یەک بگرنەوە**

**گەندەڵی بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە ئەو کەسانەی کە لە بوونی گەندەڵییەکی سیستماتیکی سوودمەند بوون، هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە بارودۆخەکە وەک ئەوەی هەیە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە کێشەی گەندەڵی لە وڵاتی نەیجیریا بە جۆرێك تەشەنەی کردووە، کە رەنگە رەوا بێت بگوترێت ئەم کێشەیە لە کۆنترۆڵ دەرچووە، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی دۆخەکە بەم ئاستە گەیشتووە و هۆکارەکانی بەربڵاوی و تەشەنەکردنی گەندەڵی لەم وڵاتەدا بۆچی دەگەڕێنەوە؟**

- دەتوانین بڵێین ئەمە کێشەیەکی درێژخایەن، یان چیرۆکێکی درێژخایەنە، کە لە ئێستادا بۆتە نیگەرانییەك لە ئاستی نیشتمانیدا، دەبێت سەرەتا ئێمە لە هۆکارە ریشەییەکانی ئەم دۆخە تێبگەین، مەبەستم لە سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵییە لەم وڵاتەدا. کەواتە دەتوانین بڵێین گەندەڵی زادە و دەرهاویشتەی هەلومەرجی ئێستا نییە، بەڵکو ریشەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری پێش سەربەخۆیی، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانیش هەوڵ و کۆششیان کردووە بۆ رووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام سەرجەم ئەم حکومەتانەش رووبەڕووی دژواری بوونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی و یەکلاکردنەوەی ئەم هۆکارە ریشەییانە. لەلایەکەوە، چەندین هۆکاری ئابووری بونیادی هەن، لەلایەکی دیکەوە دەبێت بارودۆخ و سیاقە سیاسییەکە لەبەرچاو بگرین، بە هەمان شێوە دەبێت رەوشە ئایینییەکەش رەچاو بکەین، کەواتە دەبێت هەموو ئەم فاکتەرانەمان لەبەرچاو بێت و وەك هۆکاری هاتنەئارای ئەم دۆخەی ئێستا لێکیان بدەینەوە. لەوەش زیاتر، ئێمە دەبینین هەر گرووپێك بە تەنیا هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەجێندای سیاسیی خۆی دەدات، کە مەرج نییە لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا یەك بگرنەوە.

*** لە نێو هەموو ئەو فاکتەر و هەلومەرجانەدا کە ئاماژەت پێکردن، ئایا دەتوانین دەستنیشانی هۆکاری یەکلاکەرەوە بکەین، واتە ئەو هۆکارەی زۆرترین کاریگەریی لە هاتنەئارای گەندەڵیدا هەبووە، بۆ نموونە: ئایا دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەکی و هەرە کاریگەر بریتی بووە لە سرووشتی سیستمە سیاسییەکە لە وڵاتەکەدا، کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم دۆخە نەخوازراوە؟**

- ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە من ئاماژەی پێ دەکەم، بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە لە پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بڕوانین، دەبینین لە هەوڵی بەرفراوانکردنی دەرفەتەکانیاندان لە نێو حکومەتدا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم پارتانە هەوڵی ئەوە دەدەن بە هەر شێوەیەك بێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، کاتێکیش جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەوا هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، ئەویش لە رێی بەخشینەوەی پارە و ئیمتیازات و دەستگرتن بە دەسەڵاتەوە لە رێی پەنابردن بۆ گەندەڵی. دواتر ئەگەر بە دیاریکراوی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، ئەوا دەکرێت بڵێین کە سرووشتی سیستمە سیاسییەکە لە وڵاتی ئێمەدا بە چەشنێکە کە دەستەبەری بەردەوامیی حوکمڕانی ناکات. مەبەستم ئەوەیە کاتێك پارتێکی سیاسی دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئەوا خەمی سەرەکییان ئەوەیە کە برەو بە ئەجێندای تایبەتیی خۆیان بدەن، کە مەرج نییە ئەمەش بە مانای بەردەوامبوونی حوکمڕانییەکە بێت. کەواتە لە دەرئەنجامدا رەوایە بڵێین کە سیستمە سیاسەکە بە چەشنێکە کە گەندەڵی بەرهەم دەهێنێت.

*** ئێوە لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکەدا توێژینەوەیەکتان نووسیوە بە ناوی کاریگەرییەکانی گەندەڵی لەسەر پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتی نەیجیریا، کەواتە لە تێڕوانینی ئێوەدا چۆن دەکرێت لە پەیوەندی بە خاوکردنەوەی گەشەی ئابووری لە وڵاتی نەیجیریا کاریگەرییە خراپ و زیانبەخشەکانی گەندەڵی کەم بکرێنەوە؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئێمە پێویستمان بە سیاسەتەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن هەیە، مەبەستم بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەروەت و سامان و داهاتە، هەروەها ئەو کێشەیەی کە وڵاتی ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنێت بریتییە لە کەموکووڕیی بونیادی، کە بۆتە بەربەست و ئاستەنگ لە بەردەم بەدیهێنانی گەشەکردنێکی راستەقینەدا، ئەمە سەرەڕای رێژەی بەرزی گەشەی ئابووری کە لەم ساڵانەی دواییدا تۆمار کران.

*** وەك دەزانن گەندەڵی چەندین کاریگەری و دەرهاویشتەی تێکشکێنەر و وێرانکاری لێ دەکەوێتەوە، لەم روانگەیەوە دەمانەوێت ئەوە بپرسین، ئایا ئەو رێکار و رێوشوێنانە چین کە حکومەتی نەیجیریا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشە جددییە دەیانگرێتەبەر؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە حکومەتی نەیجیریا چەندین

ڕێکاری گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە کێشەی گەندەڵی پاك بکاتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە گەندەڵی بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە ئەو کەسانەی کە لە بوونی گەندەڵییەکی سیستماتیکی سوودمەند بوون، هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە بارودۆخەکە وەك ئەوەی هەیە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت. لەم ڕووەوە من پێم وایە ئەوەی پێوستە ئەنجام بدرێت، بریتییە لە بەهێزکردن و تواناداركردنی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئابووری و داراییەکان، بە چەشنێك کە ئەم کۆمیسیۆنە بتوانێت بەرەنگاری ئەو گەندەڵکارییە ببێتەوە کە سەرتاپای وڵاتەکەی تەنیوە.

*** بەڵام ئەگەر ئێوە لە پێگەیەکدا بن و ڕاسپاردەتان بۆ حکومەتی وڵاتەکەتان هەبێت، ئایا باشترین و کاراترین ستراتیژیەت و ڕێگاچارە**

تێبگات گەندەڵی کارێکی قبوول نەکراوە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئێمە کار بکەین بۆ هێنانەئارا و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانخواز، بە واتای ئەوەی هەر تاکێك بتوانێت بە پێی لێهاتوویی و کارامەییەکانی دەستکەوت و داهات بەدەست بهێنێت. بەڵام لە ئێستادا کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا بازاڕێکی ڕەشمان دروست کردووە.

*** ئەمەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، خاڵێکی زۆر گرنگە، واتە ئێوە مەبەستتان ئەوەیە کە دەبێت تەرکیز لەسەر گۆڕینی عەقڵییەت و هزری خەڵکەکە بکرێتەوە، ئەمەش بە باشترین و کاراترین شێوازی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت، ئایا وایە؟**

- ئەمە ڕاستە، ئێمە نابێت تەنیا لە ڕواڵەتی پرسەکە بڕوانین، مەبەستم ئەوەیە نابێت تەنیا



**چین کە پێویستە پیادە بکرێن، بۆ ئەوەی بتوانرێت وڵاتەکە لە گەندەڵی پاك بکرێتەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت خۆسازدان و خۆئامادەکردنێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەبێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت سەرنج و تەرکیزی زیاتر بخەینەسەر ئەوەی کە چ کار و کردەوەیەك بە گەندەڵی دادەنرێت. چونکە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە گەندەڵی تەنیا پارە بردن نییە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەبێت لە نێو خودی کۆمەڵگەکەوە دەست پێ بکەین و هەوڵ بدەین لە ناو کۆمەڵگەوە دید و تێڕوانینەکان بگۆڕین، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانین کۆمەڵگەیەك بنیات بنێین کە لەوە

تەرکیزمان لەسەر کار و کردەوە گەندەڵکارەکان چڕ بکەینەوە، واتە دەبێت تێکڕای دۆخی کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگرین، بۆ نموونە، ئەگەر تۆ کەسێکی بێکار بیت و کەسێك هەلی کارت بۆ بڕەخسێنێت، بەڵام بۆ پێدانی ئەو کارە داوای بەرامبەرت لێ بکات، ئەوا تۆ ناچار دەبیت ئەو بەرامبەرە بدەیت، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر بەرزە. ئەمەش کارێکی خراپە و قابیلی ئەوەیە سەرزەنشت بکرێت. دواتر ئێمە دەزانین لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا کە سەروەریی یاسا تێیاندا باڵادەستە، ئەوا پێویستە ئەگەری ئەوە هەبێت سەرکۆنەی سەرجەم دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی گەندەڵی بکرێت.

**ئەوەی پێوستە ئەنجام بدرێت، بریتییە لە بەهێزکردن و تواناداركردنی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئابووری و داراییەکان، بە چەشنێک کە ئەم کۆمیسیۆنە بتوانێت بەرەنگاری ئەو گەندەڵکارییە ببێتەوە کە سەرتاپای وڵاتەکەی تەنیوە**

دیمانەی تایبەت

## ساليسۆ ئۆجۆنێمی پاوڵ

پسپۆڕی بواری کارگێڕیی گشتی بۆ گوڵان:

# بێ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کاریگەرییان نابێت



پرسی هێنانەئارا و پەرەپێدانی حوکمڕانیی باش پرۆسەیەکی ئاسان نییە، لە هەمان کاتدا تەنیا یەك ڕێگاچارە و نەخشەڕێگا نییە کە وەك پلانێکی ئامادەکراو سەرجەم کۆمەڵگە و وڵاتەکان بتوانن پەیڕەوی بکەن و کاروبارەکانی کۆمەڵگە بە باشترین و کاراترین شێوە پێ ڕێك بخەنەوە، هەندێ وڵات لەم ڕووەوە توانیویانە هەنگاوی باش هەڵبگرن و بەرهەمەکەشی سەقامگیربوونی و بووژانەوەی وڵاتەکە بووە و هەندێ وڵاتیش کە لەم پرۆسەیەدا شکستیان هێناوە و، باجی قورس و گرانیان داوە، سەرنجام وڵاتەکەشیان



دووچاری چەندین کێشە و تەحەددیی دژواری دیکە کردۆتەوە. یەکێك لەو وڵاتانەی کە وەك ئەزموونێکی شکستخواردوو ئاماژەی پێ دەکرێت، بریتییە لە وڵاتی نەیجیریا، ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی کە بە چەندین سەرچاوەی سرووشتی بەهرەمەندە و دەکرێت باری ناهەمواری وڵاتەکەی پێ راست بکرێتەوە و بگرە وڵاتەکەش بخرێتەسەر رێڕەو و رێچکەی گەشەکردن و سەقامگیری، بەڵام لە بری ئەوە، وڵاتەکە رووبەڕووی کێشەی ئەمنی و ئابووریی جددی بۆتەوە و ئەو سەروەت و سامانە گەورەیەشی بەفیڕۆ داوە. پرسی حوکمڕانیی باش و چەندین پرسی پەیوەندیدار بە هۆکارەکانی شکستی ئەم وڵاتە لە هێنانەئاری ئەم جۆرە حوکمڕانییە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هۆکارەکانی، بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ سالیسۆ ئۆجۆنێمی پاوڵ کە پسپۆڕ و وانەبێژی کارگێڕیی گشتییە لە زانکۆی نەیجیریا و، خاوەنی چەندین توێژینەوەی پەیوەستە بە بواری حوکمڕانی لە وڵاتی نەیجیریا و هۆکار و دەرئەنجامەکانی نەبوونی حوکمڕانیی باش لەو وڵاتەدا.

*** هەروەك ئاشكرایە وڵاتی نەیجیریا خاوەن سەرچاوە و سامانێكی سرووشتیی هێندە گەورەیە كە ئەگەر بە باشی بەكار بهێنرێت، ئەوا دەبێتەهۆی گەشەكردن و بووژانەوەیەكی گەورەی وڵاتەكە و خەڵكیش لەو بارە ناهەموار و نەهامەتییە رزگار دەكرێن، پرسیارەكە ئەوەیە چی رێگر بووە لە دروستبوونی حوكمڕانییەكی باش و بەكارهێنانی ئەم سەرچاوانە بۆ خێر و خۆشیی خەڵكەكە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە هەر كاتێك ئێمە توانیمان كێشە دەستنیشان بكەین و توانیمان ئەوە یەكلا بكەینەوە كە هۆكاری راستەقینەی كێشەكە چییە، ئەو كاتە ئەگەری ئەوە دروست دەبێت كە بتوانرێت هەوڵ بخرێتەگەڕ بۆ چارەسەركردنی. دواتر پێم وایە ئێمە دەبێت لە پرسی چاكسازییەوە دەست پێ بكەین، هەروەها كار لەسەر جێبەجێكردنی ئەو سیاسەت و بڕیارانە بكەین كە لەم پێناوەدا و بە ئامانجی هێنانەئارای چاكسازی دراون، بەتایبەتی چاكسازی لە بواری دەستەبەركردنی خزمەتگوزارییە گشتییەكاندا، كە ئێستا دەبینین لە وڵاتی ئێمە نووسینگەی چاكسازیی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنراوە، كەواتە من دووپاتی دەكەمەوە دەبێت جددییەتێك هەبێت بۆ ئەنجامدانی چاكسازی، ئەگەر ئەمە كرا، ئەوا دەبێتە بەشێك لە چارەسەرەكە.

*** پێت وایە دەبێت جددییەتەكە لە چیدا بێت؟ ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئیرادەیەكی سیاسیی راستەقینە لەلایەن سەركردایەتیی سیاسیی وڵاتەكەوە نییە، یان دەكرێت لەم رووەوە ئاماژە بە هۆكار و ئاستەنگی دیكە بكرێت؟**

- من پێم وایە ئیرادە سیاسییەكە بوونی هەیە و باوەڕیشم وایە توانای زاڵبوونمان بەسەر ئەو كێشانەدا هەیە كە رووبەڕووی بووینەتەوە، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بكەم، ئەوەیە كە ئێمە پێویستمان بە ئایدیا و بیرۆكە و پێشنیاری پەیوەست بە چۆنیەتیی ئەنجامدانی چاكسازی هەیە. من لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسی هەندێ هەنگاوم كرد، وەك دامەزراندنی نووسینگەی پەیوەست بە چاكسازی لە بواری خزمەتگوزاریی گشتی، كە بە باوەڕی من ئەمانە هەنگاوێكن بە ئاراستەی راست و دروستدا و ئەمانە دەستپێشخەرییەكی پێشوازی لێكراون. لەم روانگەیەوە من گەشبینم و پێم وایە دەكرێت كار بكەین بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە رووبەڕووی بووینەتەوە، بەتایبەتی كە دەبینین ئیرادەی سیاسی بوونی هەیە و هەوڵی ئەنجامدانی چاكسازی دەدرێت و لە هەمووشی گرنگتر كار دەكرێت بۆ ئەوەی هێنانەئاری بەرژەوەندیی گشتی بكرێتە ئەولەوییەت و بایەخی پێ بدرێت. لە دەرئەنجامدا من باوەڕم وایە كە ئەگەر بتوانین لەسەر هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە بە ئاراستەی راست و دروست بەردەوام بین و هەوڵە جددییەكانمان درێژە پێ بدەین، ئەوا دەتوانین چارەسەر بۆ كێشەكان بدۆزینەوە و دەتوانین لە كۆتاییدا حوكمڕانیی باش دابمەزرێنین و بیهێنینە ئاراوە.

*** كێشەیەكی جددی و مەترسیدار كە وڵاتی نەیجیریا بە دەستیەوە دەناڵێنێت و پێوەی گرفتارە، بریتییە لە كێشەی گەندەڵی، ئایا تا چ رادەیەك ئەم كێشەیە بۆتە هۆی نەهێشتنی متمانە لای هاووڵاتیان لە ئاست حكومەتدا و تا چەند بۆتە هۆی لەباربردنی گەشەی ئابووری لەم وڵاتەدا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی چ رێكارێك گیراوەتەبەر؟**

- ئەوەی لێرەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە كە تاوەكو ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی نەیجیریا گەندەڵی زۆر بەربڵاو بووە و بە تەواوەتی تەشەنەی كردبوو، تەنانەت ئەو كاتە بە گەورەترین كێشە دانرا كە رووبەڕووی وڵاتی نەیجیریا بۆتەوە، بەڵام دواتر هەوڵدرا كە كارێك بكرێت لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەیدا، ئەوە بوو سەرەتا ئەوە لەبەرچاو گیرا كە بەڵێ گەندەڵی بوونی هەیە و دواتر پرسی ئەوە تاوتوێ كرا كە چۆن ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، بۆ ئەم مەبەستە كار بۆ تێپەڕاندنی یاسایەك كرا لە پەرلەمانی وڵاتەكەدا، لە پێناو دامەزراندنی دەستەیەكی تایبەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لە كۆتاییشدا ئەو یاسایە تێپەڕێندرا و پەسەند كرا. هەموو ئەمانەش رەنگدانەوەی بوونی ئیرادەیەكی سیاسییە بۆ ئیشكردن لەسەر ئەم پرسە و ئێستاش كار دەكرێت بۆ دەستنیشانكردنی كار و كردەوە گەندەڵكارییەكانی نێو كایە و كەرتەكانی حكومەت.

**دەكرێت كار بكەین بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە رووبەڕووی بووینەتەوە، بەتایبەتی كە دەبینین ئیرادەی سیاسی بوونی هەیە و هەوڵی ئەنجامدانی چاكسازی دەدرێت**

**سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان دوو توخمی سەرەكی و بنەڕەتین بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی كە ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا كاركراوە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ئەو سەربەخۆییەیان هەبێت**

**لە ئێستادا چەندین كاربەدەست و بەرپرسی پێشووتر لەم وڵاتەدا دەستگیر و زیندانی كراون، ئەمەش بەرجەستەكاری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە**

*** ئایا پێتان وانییە ئەم پرسە گرێ درایێتەوە بە پرسی سەروەریی یاساوە، واتە کاتێك دەستنیشانی حاڵەت و کردارە گەندەڵکارییەکان دەکەن، ئەوا پێویستە ئەم مەسەلەیە لەلایەن یاساییەوە یەکلا بکرێتەوە، لەبەر ئەوە پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا لە وڵاتی ئێوەدا تا چ رادەیەك کار لەسەر باشترکردن و پەرەپێدانی سەروەریی یاسا کراوە؟**

- لە راستیدا ئەو هەنگاوانەی ئاماژەمان پێکردن کاریگەریی خوازراو و چاوەڕوانکراویان لێ ناکەوێتەوە، ئەگەر بێتو نەتوانرێت دەستەبەری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بکرێت، واتە دەسەڵاتی دادوەری پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن نەبێت، کە ئێستا ئێمە دەبینین هەوڵێك هەیە بەم ئاراستەیە لە وڵاتی نەیجیریا، بە چەشنێك کە دەبینین ئەم دەسەڵاتە کەوتۆتەسەر رێچکەی ئەوەی ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات. دواتر مەسەلەکە هەر تەنیا پێدانی سەربەخۆیی نەبوو بە دەسەڵاتی دادوەری، بەڵکو دەسەڵاتی یاسادانانیش کێشەی سەربەخۆیی هەبوو، ئەمەش وەك لایەنێکی کێشەکان دەستنیشان کرا و لە ئەنجامدا هەوڵدرا کە ئەو سەربەخۆییە بۆ دەسەڵاتی یاسادانانیش دەستەبەر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرك و رۆڵی چاوەڕوانکراو و دەستنیشانکراوی خۆی جێبەجێ بکات، لە ئەنجامدا دەبینین ئێستا ئەم دەسەڵاتە ئاستێك لە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە و باشتر گفتوگۆ و تاوتوێی پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکان دەکات. کەواتە ئەگەر هەوڵ و هەنگاوەکان بەم ئاراستەیەدا چڕ بکەینەوە، ئەوا دەکرێت بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکرێت: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان دوو توخمی سەرەکی و بنەڕەتین بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا کارکراوە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ئەو سەربەخۆییەیان هەبێت. چونکە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە ئازاد نەبن و پاشکۆ بن، ئەوا ناکرێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکرێت کە ئەرك و بەپرسیارێتییەکانیان ئەدا بکەن. کەواتە دەکرێت بڵێین هەموو ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی لە وڵاتی نەیجیریادا خراونەتەگەڕ. تەنانەت لە ئێستادا چەندین کاربەدەست و بەرپرسی پێشووتر لەم وڵاتەدا دەستگیر و زیندانی کراون، ئەمەش بەرجەستەکاری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە، دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم کارانە هەموویان هەنگاون بە ئاراستەی راست و دروستدا. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە رێکارێکی دیکە گیراوەتەبەر بۆ بەرگرتن لە روودانی حاڵەتی گەندەڵی و کۆکردنەوەی پارە، ئەویش ئەوەیە کە رێگە نادرێت حیسابی جیاواز لە بانکەکاندا بکرێنەوە کە نەتوانرێت چاودێری بکرێت، خۆ ئەگەر بێت و کەسێك بیەوێت لە یەك کاتدا



لە چەند بانکێکی جیاواز حیساب بکاتەوە، ئەوا ژمارەیەکی دیاریکراوی پێ دەدرێت کە ئەو حیساباتانە پێکەوە گرێ دەداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەستەی تایبەتی سەر بە حکومەت بە ئاسانی چاودێری بکەن. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، چاودێریکردنێك لەسەر جووڵە و گواستنەوەی پارە هەیە و لەم رووەشەوە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد چەند بەرپرسێك دەستگیر کراون، هەموو ئەمانەش دەرئەنجامی ئەم رێکارانەن کە گیراونەتەبەر وەك چاودێریی جووڵەی پارە و پێدانی سەربەخۆیی بە دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان، کە هەموویان خزمەت بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی چاکسازی و پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەن.

**لە ئێستادا چەندین کاربەدەست و بەرپرسی پێشووتر لەم وڵاتەدا دەستگیر و زیندانی کراون، ئەمەش بەرجەستەکاری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە**

# لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ هەرێم و بەغدا لێکتێگەیشتنی باش لە نێوانیاندا هەیە

**بودجە پێویستی بە جێگۆڕکێ دەبێت لە بەندەکانیدا، ئەمەش لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی کورتهێنان کە بە دەوری خۆی دیسان پێویست دەکات سەرچاوەی دیکەی پارەدارکردن دابین بکرێت، تاکو ئەو کورتهێنانە چارەسەر بکرێت**

**ئەوەی لە نێو خەڵک و حکومەتی عێراقیش ڕوودەدات، هەمووی سەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە ناڕوون و هەڵە دارایی و ئابوورییەیە، کە لەگەڵ داواکاری کۆمەڵگە و پێشهات و ڕووداوەکان یەک ناگرێتەوە**

ئەوەی لە ئێستادا خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکەن، بریتییە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق، بۆیە لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەم، بودجەی گشتیی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ تا ئێستا لای وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغدایە، وەك ڕێساو ڕێنمایی سێ پەرلەمانتار لە لیژنەی دارایی بەشداری لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی بودجەی وەزارەتی دارایی دەکەن، بۆیە بڕیارە وایە بەم زووانە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، تاکو ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، دواتر ڕەوانەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییانەی ئەم دواییەی عێراق هەندێ لە بەندەکانی ئەو بودجەیە گۆڕانکارییان بەسەردا هات، چونکە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پاکێجێکی لەسەر چاکسازی پێشکەش کرد و کۆمەڵێك بڕیاریشی دەرکرد، ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەنگی لەسەردان، دیارە ئەم بڕیارانەش پێویستیان بە پارەدارکردن هەیە، وێڕای ئەوەی کە بودجە پێویستی بە جێگۆڕکێ دەبێت لە بەندەکانیدا، ئەمەش لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی کورتهێنان کە بە دەوری خۆی دیسان پێویست دەکات سەرچاوەی دیکەی پارەدارکردن دابین بکرێت، تاکو ئەو کورتهێنانە چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە بودجەی داهاتوو بودجەیەکی ئیستسنائی دەبێت، من پێموایە زۆر قورس دەبێت، چونکە بە درێژایی حوکمڕانیی هەموو حکومەتەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٤وە تاکو ئەمڕۆش، هەموویان بە پلەی یەکەم و تەنیا پشتیان بە یەك سەرچاوە و بەو داهاتە بەستووە کە لە نەوتەوە دەست کەوتووە، هەروەها پشتیان بە بودجەی زۆرینەی خەرجیی تەشغیلی بەستووە کە خەرجیی بەکاربردنە و بەرامبەری نییە، تەنانەت خەرجیی وەبەرهێنانیش وەك پێویست لەسەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو نەگیراوە، زۆربەی وەزارەتەکانیش نەیانتوانیوە ئەوەی بۆیان تەرخان کراوە، جێبەجێی بکەن.

من پێموایە بودجەی داهاتوو ڕووبەڕووی گرفتگەلی زۆر دەبێتەوە، بۆیە لەو باوەڕەدام کە ئەمە پەیوەست دەبێت بەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە عێراق ڕوودەدەن، بەتایبەتیش هەندێ ڕەوت و لایەنی سیاسی هەن کە خۆیان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان ئامادە کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئیدارییەوە گۆڕانکاریی زۆری بەدواوە دێت، بۆیە من وای بۆ دەچم کە ئەوەی لە نێو خەڵك و حکومەتی عێراقیش ڕوودەدات، هەمووی سەرئەنجام و دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە ناڕوون و هەڵە دارایی و ئابوورییەیە، کە لەگەڵ داواکاریی کۆمەڵگە و پێشهات و ڕووداوەکان یەك ناگرێتەوە، کە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هاتوونەتە ئاراوە، زۆرجار داوامان کردووە کە پێویستە گۆڕانکاری لە هەیکەلبەندیی ئیداریدا بکرێت و سیاسەتێکی دارایی و نەختینەیی و ئابووری بگیرێتەبەر، کە لەگەڵ ئەو پێشهاتانەدا بگونجێت، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە کارەکە بەم ئاستەی ئێستا گەیشت.



**د. ئەحمەد سەفار**
پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەبارەت پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا ئەمەیان پەیوەست دەبێت بە ڕێککەوتنی سیاسیی چاوەڕوانکراو لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، دیارە چەندین شاندی پسپۆڕ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێکهێنراوە، کە دەبوو پێش دوو هەفتە گفتوگۆ و دانوستاندن دەستی پێ بکرایە، بەڵام لەبەر ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم دواییە و ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی چلە (اربعین)، دانیشتنی ئەو شاندانە دواکەوت، لە ئێستاشدا ناکرێت باس لە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق بکرێت، تا ئەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانە لەنێوان شاندەکانی هەردوو حکومەت ئەنجام نەدرێن.

ئەوەی پەیوەستە بە خەرجیی سیادییەوە، لە ڕاستیدا زۆر زێدەڕۆیی تێدا کراوە، ئەمە خاڵێکی سەرەکییە لە گفتوگۆکانی نێوان هەردوو شاندی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، بەو پێیەی کە ژمارەیەکی زۆری بەندەکانی تایبەت بە خەرجیی سیادی پەیوەندییان بە هەرێمەوە نییە و دواجار دەبێ لە بەندی تایبەت بە خەرجییەکانی سیادی بسڕدرێنەوە، چونکە بوونی ئەو هەموو بەندانە زیان بە پشکی هەرێم دەگەیەنێت و پێویستە، بە تەواوی لە خەرجیی گشتی دەربهێندرێن و دووربخرێنەوە، دواجار پشکی هەرێم لەوەی کە دەمێنێتەوە دیاری بکرێت. بۆیە هەندێ خاڵی سەرەکی هەن لە گفتوگۆکاندا لەوانە، خەرجیی سیادی و قەرزی دەرەکی کە لە ساڵانی ڕابردوودا پشکی هەرێمی لێ نەدراوە، هاوکات ئەوەی بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق پەیوەندیی بە مووچە و شایستەکانی پێشمەرگە و قەربووکردنەوەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بواری دیکەوە هەیە، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی گفتوگۆکان دەبن.

زۆرخاڵ و کێشەو گرفتی هەڵواسراوی دارایی و ئابووری هەن، لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٤ەوە و هەموو ساڵێك ئەو کێشە و خاڵانە دەخرێنە نێو بودجەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، بەڵام هەموو ساڵێك بۆ ساڵی دواتر دوادەخرێن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو کێشانە یەکلایی بکرێنەوە، هاوکات ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق نائاساییە و بە دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ هەردوو لا هەر دەبێ چارەسەر بکرێت، بەڵام پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت و کۆتایی بێت، نەك هەموو ساڵێك کاتێ کە بودجە ئامادە دەکرێت و پشکی هەرێمی کوردستانی لێ دیاری دەکرێت، ڕووبەڕووی ئەو خاڵە ناکۆکانە ببینەوە.

کۆتا قسەم لەسەر نەوتە، دۆسێی نەوت گرنگە و خاڵێکی سەرەکییە، لێکتێگەیشتنێك هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا، حکومەتی هەرێمیش قەرزاری هەندێ لە کۆمپانیاکانی نەوتە و کاتی خۆی واژۆی گرێبەستی لەگەڵدا کردبوون، لەو سەردەمەی کە حکومەتی عێراق بودجەی لە هەرێمی کوردستان بڕیبوو. بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چەند بژاردەیەك لە بەردەمدایە و چاوەڕوان دەکرێت بگەینە ڕێککەوتنێکی هاوبەش.

**ژمارەیەکی زۆری بەندەکانی تایبەت بە خەرجیی سیادی پەیوەندییان بە هەرێمەوە نییە و دواجار دەبێ لە بەندی تایبەت بە خەرجییەکانی سیادی بسڕدرێنەوە، چونکە بوونی ئەو هەموو بەندانە زیان بە پشکی هەرێم دەگەیەنێت**

**زۆرخاڵ و کێشەو گرفتی هەڵواسراوی دارایی و ئابووری هەن، لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٤ەوە و هەموو ساڵێک ئەو کێشە و خاڵانە دەخرێنە نێو بودجەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، بەڵام هەموو ساڵێک بۆ ساڵی دواتر دوادەخرێن**

# سۆشیاڵ میدیا و فۆڕمە نوێیەکانی ڕۆژنامەنووس

فراوانبوونی سۆشیاڵ میدیا لە رووی توانای بەکارهێنان و رەخساندنی بوارەکانی بۆ بەکارهێنەر وایکردووە بەردەوام چەمکی نوێ، فۆڕمی نوێ لە جۆر و کاری رۆژنامەنووسی پێناسە بکرێت و بێتە ناو فەرهەنگی کاری میدیاییەوە. لە یەکێك لە بابەتەکانی کۆنفرانسی ئەندامانی بۆردی «دۆچە فیلی ئەکادیمی» لە وڵاتانی عەرەبی، بابەتێك کە لەلایەن جێگری باڵوێزی ئەڵمانیا لە لوبنان پێشکەش کرا، کە تایبەت بوو بە هەردوو فۆڕمی «رۆژنامەنووسی پڕۆفیشناڵ و چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان»و بە وردی بەراوردکاری و جیاکاری بۆ هەردوو فۆڕمەکە کردبوو، لەوانە کە چۆن ئەم دوو مرۆڤە لە ئەمڕۆی جیهانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و دیجیتاڵیدا خەریکە تێکەڵ دەبن، تا ئەو رادەیەی هەندێك لە چالاکانی سۆشیاڵ میدیا بە رۆژنامەنووس پێناسە دەکرێن، کە ئەمە بە تەواوەتی جیایە، دەکرێت رۆژنامەنووس لە سۆشیاڵ میدیا چالاك بێت، بەڵام ناکرێت چالاکانی سۆشیاڵ میدیا پێیان بوترێت «رۆژنامەنووس»، لەلایەکی دیکەوە جێگری سەرۆکی «دۆچە فیلی ئەکادیمی» لە ئەڵمانیا لە وتەکەیدا دیسانەوە چووەوە سەر باسی سۆشیاڵ میدیا و چەمکی «هاووڵاتی رۆژنامەنووس» (citizen journalist)یشی هێنا ئاراوە، کە ئەم چەمکە وەك فۆڕمێك بۆ ئەو کەسانەی لەناو سۆشیاڵ میدیا کاری رۆژنامەنووسی دەکەن، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و راپۆرتکردنی و دابەزاندنی، واتە هەمان ئەو کارە دەکەن کە رۆژنامەنووسێکی پیشەیی لە دەرەوەی سۆشیاڵ میدیا دەیکات، ئەگەرچی ئەم چەمکانە ئاوا بوونەتە جێگای مشتومڕی پسپۆڕان و توێژەران و بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆی بواری میدیایی. بەڵام هەردوو کەسەکە بە وردی باسی ئەوەیان



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

کرد کە ئەمانە جیاوازن لە رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ، چ لە رووی زانستی، چ لە رووی یاسایی و ئیتیکی بوون، هەروەها لە رووی بەرپرسیارێتی و زانینی بنەماکانی کاری رۆژنامەنووسی، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو قەرەباڵغی و فەوزایەی ئەمڕۆ لە ژینگەی کاری رۆژنامەنووسیدا پەیدا بووە، هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو گەشە بەرچاوەی تەکنەلۆژیایە کە هەموو ئەم فۆڕمە نوێیانەی وەك سۆشیاڵ میدیا و هەموو ئەپلیکەیشنەکانی دیکەی هێناوەتە ئاراوە، لە لایەکی دیکەوە بەهای کاری رۆژنامەنووسی لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا بە دابەزین باس کرا، بە هۆی فراوانبوونی تەکنیکی و لەدەستدانی هەلی کار لەلایەن رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانەوە، کە ئەمەش بێگومان تا کاری رۆژنامەنووسی لە دەستی رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکان کەم ببێتەوە و بکەوێتە دەستی «چالاکانی سۆشیاڵ میدیا»، واتە پرۆفیشناڵی لە کاری میدیایی و بەهاو کواڵیتی بابەتە میدیایی و هەواڵە میدیاییەکان کەم دەبێتەوە. بۆیە وەك هەردوولا ئاماژەیان پێ کرد، ژینگەیەك دروست بووە کە سەر لەنوێ پێویستی بە پێناسەکردنی زۆربەی چەمکەکانی بواری رۆژنامەگەری هەیە و پێویستی بە دۆزینەوەی رێچکەیەکی زانستی و ئەکادیمی و یاسایی و ئیتیکی هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کواڵیتیی بەرزیش سەرلەنوێ پێویستمان بەوە هەیە کە پێیدا بچینەوە و بزانین خاوەندارانی میدیا کێن؟ کێن لە پشت بەرهەمهێنەرەکانی میدیاوەن و چۆن رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ بەرهەم بهێنین؟ لەهەمان کاتدا پێویستمان بەوە هەیە کە دیراسەیەکی ناو ئەو سۆشیاڵ میدیایە و ئەو تەکنەلۆجیا نوێیە بکەین، کە ژینگەی میدیایی وا شپرزە کردووە، چونکە ئەویش پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە.